# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (149) بەرواری 1–8–2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت



## ئەیهان سەعید نوێنەری زیندانیانی بادینان پیلانێکی مەترسیدار بۆ تەسفیەکردنی (تیرۆری بایلۆجی) دژی زیندانیو ئازادکراوانی بادینان ئاشکرا دەکات...ل4

## وتەی ژمارە

# هەژموونی ناوەند بەسەر هەرێم و لێکەوتە سیاسیەکانی...

**عەبدوڵا مەحمود**

دەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غاز لەدەستی دەسەڵاتی هەرێم، دەرهێنانی دۆسیەی دارایی و ئابوری بە داهاتی ناوخۆی و نانەوتییەوە، بە یاساییکردنی چاودێری بەغدا بەسەر داهاتەکانی هەرێمەوە، جوڵاندن و چالاکردنی دادگای فیدرالی لەبەرامبەر بە بریار و دۆسیەکانی ناو هەرێم، جوڵەکانی بەغدا بۆ گێرانەوەی هەیمەنەی ئەمنی بەسەر سنورەکاندا، تا دەگاتە هاتنە ئارای هەمواری دەستور... کۆی ئەم دۆسیانەن کە بەتەواوەتی هاوسەنگی هێزی ناوەندی



بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا بە سودی بەغدا گۆریوە و دەستی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی بەسەر کۆی دۆسیەیەکانی دارایی و ئابوریی و چاودێری و ئەمنی و یاسایی و دەستوریدا، بەستووەو کورتکردۆتەوە. جیا لەوانە بەغدا ئەو دەسەڵاتەی بە یاسایی جێگیرکردووە، کە دەستیوەردان لە دۆخی ناوخۆیی پارێزگاکانی هەرێمدا بکات... هەموو ئەو دۆسیانە سەرەتای کۆتایی دەورەیەکی دیاریکراوە کە زیاتر دوو دەهە تەمەنی کرد. فیدرالیزمی قەومی کە لەماوەی دوو دەهەی رابردودوا بە هۆی لاوازی دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب، و بەهێزی پێگەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لە بەرامبەر بەغدادا زۆرتر لە خەڵوەت و بی کاریگەر و ناکارا بوو، ئێستا لە رێگای خودی جوڵاندنی و کاراکردنی دەستور و فیدرالیزمدا، هەژموون و باڵادەستی ناوەندی بەسەر سەرجەم عێراق و کوردستاندا، زاڵ کردووە.

ئەم هەژموون و زاڵ بوونەی دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب لە عێراق و بەتایبەتیش بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا، لەوانە دەرهێنانی کۆی دۆسیەکانی نەوت و غازو دارایی و ئابوری و پەلهاویشتنی بۆ دۆسیەی ئەمنی و سنورەکان و بە یاسایی کردنی مافی دەستوەردان لە پارێزگاکانی هەرێم... تەنها لایەنی ئابوری و گێرانەوەی هەژمونی دەسەڵاتی یاسا!! و دەستور!! بەسەر هەرێمدا نییە، بەڵکو لە بنەرەتدا زۆر بوونی هەژموونی سیاسییەو لێکەوتەی سیاسی فراوانتری بەدواوەیە. تەنانەت جوڵەکانی

بۆ لاپەڕە 2

## دۆسیەی گێراوەکانی بادینان و شیروان شیروانی... پەڵەیەکی نەنگە بە ناوچەوانی پارتی و بزوتنەوەی کوردایەتیەوە...



٢٠ تەموز دادگای هەولێر!! جارێکی تر سزای چوار ساڵ زیندانی بەسەر شیروان شیروانیدا سەپاند، ئەوە لە کاتێکدا بوو دەبوو لە ئابی ئەمساڵدا ئازاد بکرێت...

ئەم بریارەی دادگای هەولێر!!، لە دژی شیروان شیروانی و مامەڵەی ئەو دادگایە لەگەڵ گیراوەکانی بادینان، لە بنەڕەتدا مامەڵەی دەسەڵاتی سیاسی و پارتییە لەگەڵ رۆژنامەنووس و چالاکوانەکانی بادینان، نەک مامەڵەی دادگا و لێپرسینەوەی یاسایی. لەوەش

بۆ لاپەڕە 3

## ناڕەزایەتی خەڵکی کفری، پێویستی بە گرتنەبەری شێوازی تازە و پشتیوانی شار و شارۆچکەکانی تر هەیە...



لەدرێژەی ناڕەزایەتییە بەردەوامەکانی خەڵکی کوردستاندا، بەدژی نابەرابەری و قڵشتی قوڵی چینایەتی و نەبوونی سەرەتاییترین پێداویستی و خزمەتگوزارییەکاندا، خەڵکی گەرمیان بەگشتی و بەشێک لە دانیشتوانی شاری کفری لە ١٠ ی تەموزەوە، هاتوونەتە مەیدان و لە ژێر چادرەکانی ناڕەزایەتی دەربڕیندا کۆبوونەتەوە.

خەڵکی گەرمیان نە بەهۆی ئەوەی وەکو هەندێک نووسەر و میدیای پۆپۆلیست و حزبی سیاسی بەرژەوەند خواز

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- ئەم بۆچونە کێت لە پشتە و پارەت دەداتێ.............................ل4
- وەستا جەلال وەڵامی پرسی رۆژی دەداتەوە.................................ل5
- لە لۆزانەوە تا ڤیلنیۆس 100 ساڵ شکاندنی کورد.......................ل6
- باسێکی کورت لەسەر توانا و لێهاتوویی بەلشەفییەکان..........ل6
- دەستدرێژی سێکسی و هۆکارو لێکەوتەکانی.............................ل7
- لە نیشتیمانی مندا..........................................................................ل9
- دەستووری سکۆلار، دەستوری زۆرینە!!.........................................ل10
- بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری..........ل11


## دۆسیەی ژمارە "هۆکاری کوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە و ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم"



**هاوڕێ هیدایەت مەلا عەلی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل12_13_14**


پرسی رۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

بەغدا بەرامبەر بەهەرێم تەنها رووی لە قەوارەی سیاسی هەرێم" دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد" نییە، بەڵکو هاوکات جوڵەو هێرشێکی بە نەخشەیە بۆسەر جەماوەری کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی.

دیارە تا ئەوەندەی بەدەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بەگشتی و هیزە باڵادەستەکانی دەگەڕیتەوە، لەبەرامبەر بە هەژموون و نەخشەکانی بۆرژوازی باڵادەست لە عێراقدا، بێ وەڵامن و جگە لە بۆڵە بۆڵ و نارەزایەتی سلبی بەناچاری خەریکن خۆیان لەگەڵ بەغدا و سیاسەتەکانی دەگونجێنن و بۆ داپۆشینی شکست و بێ ئاسۆیشیان، بانگەشەی سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی و پێداگری لەسەر سەروەری عێراق دەکەن... دەیانەوێت لانی کەمی بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمیان لەدەست دەرنەچێت و لەم پرۆسەی بەڕێوەبردنەشدا هێندەی بکرێت، تالانی و دزی و کەڵەکەی سەرمایە بکەن... بۆ ئەو مەبەستەش لە ئێستادا جگە لە باسی "یەکریزی ناومالّی کورد و هەڵبژاردن" کارتێکی تریان بۆ ئەم ئامانجەیان، بەدەستەوە نییە. واتە بەشێوەی گشتی بۆرژوازی کورد بن بەستن لە ڕێگاچارەیەک کە دڵخوازی خۆیان بێت، بەڵکو بەناچاری لەبەرامبەر بە هەژموونی بەغداد بەرگریەکی سلبی و خۆ گونجاندنیان کردۆتە بژاردە. دیارە ئەوە روانگەو دیدی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردە وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوای بە دۆخی ئیستا و هەژموونی بەردەوامی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستان و پرسە سیاسیەکەی...

گەڕانەوەی هەژموونی بەغدا و دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەرێمی کوردستاندا لە ڕێگای فیدرالیزمی قەومی و گەرانەوەی دۆسیەی ئابوری و دارایی و دۆسیەی ناوخۆی هەرێم و پرسی ئاسایش و سنورەکان و بودجە و پەیوەندیەکان و تا دەگاتە پرسی مووچەی موچەخۆرانی هەرێم... بە واتای تێکەڵ بوونەوە هەرێم بەعێراقەوە لە مەیدانی کردەییدایە... واتە ئەگەر کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە تا بەر لە جەنگی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەر تا دەهات بەرەوە دوورکەوتنەوە لە عێراق دەرۆشت، ئەوا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، ئەم هاوکیشەیە پیچەوانە بۆتەوە و تا هاتووە هەرێمی کوردستان بەرەو تیکەڵ بوونەوە و لکانەوە بە عێراقەوە، رێی کردووە. ئەم پرۆسیسە لە دوو سێ ساڵی رابردوودا بە خێرایەکی بەرجەستەوە دەچێتە پیشەوە. کوردستان دەمێکە دۆخی سەرگەردانی تێپەڕاندووەو لە ناو پرۆسەی دوبارە بیناکردنەوەی عێراقدایە...

بۆیە هەر سیاسەت و نەخشە ڕێگا و پلاتفۆرمێکی سیاسی کە لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوەی کوردستان لە عێراقەوە داریژراوە و بەدەستەوە گیراوە، ئێستا نەک جێگای چاو پیاخشاندنەوە، بەڵکو گرنگی بەدەستەوەگرتنی سیاسەت و نەخشەو پلاتفۆرمی تازەی کردۆتە ئەولەویەتیکی حاشا هەڵنەگرو دەستبەجێ، کە بگونجت لەگەڵ دۆخی تازەو رەوەندی تیکەڵ بوونەوەی کوردستان بە عێراقەوە. دیارە ئەم پرۆسیسە بەدەر لە رۆڵی وڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵگەی فەرمی نێو دەوڵەتی نییە.

ئەم ئاڵوگۆرە سیاسیە، بەرهەمی دەور و دەخالەت و ئیرادەی بزوتنەوەی جەماوەری خەڵکی عێراق و کوردستان نییە، بەڵکو بەرهەمی تیکچوون و ئاڵوگۆری هێز و باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی و ململانێکانیانە لە پرۆسیس و دەورەیەکی دیاریکراودا کە زیاتر لەسێ دەهەیە درێژەی هەیە.

بۆیە ئەم ئاڵوگۆرانە، لە بنەرەت و لە گشتیەتی خۆیدا، بە سودی جەماوەری عێراق و خەڵکی کوردستان نییەو هەڵگری وەڵام بە گرفتە هەمەلایەنە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و حقوقی و لە پیشیشیانەوە هەڵگری وەڵام بە گرفتە سەرەکی و بناغەییەکانی نییە.

وەلانان و لاوازکردن و تەنانەت نەهێشتنی ڕۆڵ و پێگەی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بەسەر خەڵکی کوردستاندا لەسەر دەستی باڵادەستی و هەژموونی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمی کوردستاندا، دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و حقوقی خەڵکی کوردستان باشتر ناکات و وەڵام بە گرفتە بناغەیەکانی ناداتەوە، بەڵکو خراپتری دەکات... دۆسیەی تازە لەپێشیانەوە پرسی سیاسی کوردستان و ئایننده سیاسیەکەی لە ئاستێکی تر و دۆخێکی تازەدا دەهێنێتەوە مەیدان... روخاندنی رژێمی بەعس و دەسەڵاتی دوای بەعس لەگەڵ ئەوەدا پرسی ستەمی میللی سەر خەڵکی کوردستانی خەواند و ستەمی نەتەوایەتی هەڵپەسارد، بەڵام وەڵامی بەو پرسە نەدایەوە و چارەسەری پرسی سیاسی کوردی نەکرد. کە جیابوونەوە یان مافی هاوڵاتی یەکسان لەبەرامبەر یاسادا لە ژێر چەتری دەوڵەت و حکومەتێکی مەدەنی و سکیولاردا، کە دەتوانرا مەیسەر بێت.

جیا لەوەش گەڕانەوەی هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەریمدا، ناتوانێت پرسە بناغەیەکانی تری وەکو "نان و خزمەتگوزارییەکان، وە ئازادی و ئازادییە سیاسی و مافە فەردی و مەدەنیەکان" زامن بکات. کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کوردی و خۆوەڵاتیشدا نەک وەدی نەهاتن، بەڵکو بووە مەیدانێکی نەبەردی نێوان چینی کریکار و جەماوەری بێبەش و ئازادیخوازان لەلایەک و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە لایەکی ترەوە.

ئیستا ئیتر دۆخی سیاسی و ئابوری و حقوقی و ئەمنی و پەیوەندی هەرێم و بەغدا و هەلومەجی گشتی خەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی، لەبەردەم پێناسەکردنەوەیەکی تازەدایە... پرۆسیسی پێناسەکردنەوەی عێراق و جێگیردنی کردنی ئارامی سیاسی و کۆتاییهێنان بە رەوەندی سازش و سازانی تایفی و قەومی لەبەرامبەر بە رەوەندی نیشتیمان سازی!! و حکومەتی زوربەدا و سەراسەریدا، چەند ساڵێکە دەستی پێکردووە، گەرانەوەی عێراق بۆ ناو کۆمەڵگەی عەرەبی و نێودەوڵەتی و جێگاپەیداکردنەوەی، حاشاهەڵنەگرە. ئارامی سیاسی بۆ کەڵەکەی سەرمایەو پڕ کردنەوەی کەلێن و جومگە درز بردوەکان، بۆتە ئامانجی بۆرژوازی عێراقی و هەرێمی کوردستانیش لەم چوارچێوە گشتیيە بەدەر نییە. ئەوەی کەچەندین ساڵە دەوترێت دۆخی کوردستان بەم جۆرە نامێنێتەوە، بەکردەوە پێشهاتووەو رەوەندی ئاڵوگۆرەکان خەریکە ئاییندەیەکی ترو هەلومەرجێکی نوێ دادەسەپێنێ. لەبەرامبەر بەو ئاڵوگۆڕەدا و پێشهاتە تازانەدا، ڕێگاچارە و پلاتفۆرمی سیاسی تر دەخوازێت... ئەگەر بۆرژوازی کورد خەریکی خۆ گونجاندن لەگەڵ بەغدا و گەرانەوەیەتی و لەسەروی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە خەریکی بەند و بەستی تازەیە، کە لە هاوسەنگی روو لەخوار و داکوژانی رۆڵی و پێگەی پێشوویدا، خۆی بگونجێنێ. ئەوا چینی کرێکار و چەپ و کۆمۆنیزم پیوسیتە و دەست بەجێ نەخشە ڕێگای ئیرادە گێرانەوە بۆ خەڵکی کوردستان و ڕێگاچارەی خۆی چ بە هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵک و خزمەتگوزاریی و بەرینکردنەوەی پرسی ئازادی و ئازادییە سیاسی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و چ بۆ ئاییندی سیاسی کوردستان... بخاتە ڕوو و وە نەخشەی بەکردەوە دەرهێنانی و لە مەیدانی پراکتیکیدا بەدەستەوە بگرێت. ئەو ڕێگا چارەیە کامەیە؟ دەبێ چ بکرێت... لە بەشی داهاتوودا درێژە پیدەدەین.

**ماویەتی**

**فیدرالیزمی قەومی کە لەماوەی دوو دەهەی رابردودوا بە هۆی لاوازی دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب، و بەهێزی پێگەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لە بەرامبەر بەغدادا زۆرتر لە خەڵوەت و بی کاریگەر و ناکارا بوو، ئێستا لە ڕێگای خودی جوڵاندنی و کاراکردنی دەستور و فیدرالیزمدا، هەژموون و باڵادەستی ناوەندی بەسەر سەرجەم عێراق و کوردستاندا، زاڵ کردووە...**

**هەر سیاسەت و نەخشە ڕێگا و پلاتفۆرمێکی سیاسی کە لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوەی کوردستان لە عێراقەوە داریژراوە و بەدەستەوە گیراوە، ئێستا نەك جێگای چاو پیاخشاندنەوە، بەڵکو گرنگی بەدەستەوەگرتنی سیاسەت و نەخشەو پلاتفۆرمی تازەی کردۆتە ئەولەویەتیکی حاشا هەڵنەگرو دەستبەجێ، کە بگونجت لەگەڵ دۆخی تازەو رەوەندی تیکەڵ بوونەوەی کوردستان بە عێراقەوە. دیارە ئەم پرۆسیسە بەدەر لە رۆڵی وڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵگەی فەرمی نێو دەوڵەتی نییە ...**

## دریژەی: دۆسیەی گیراوەکانی بادینان و شیروان شیروانی... پەڵەیەکی نەنگە بە ناوچەوانی پارتی و بزوتنەوەی کوردایەتیەوە...

واوەتر بێ بەهاکردن و بێ ناوەرۆککردنی خودی دادگا و یاسا قەرەقوشییە دژی ئازادییەکانی خۆیانە، لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی پارتییەوە.

دەستگیرکردنی دەیان رۆژنامەنووس و چالاکوانی بادینان، هێشتنەوەیان لە زیندان بۆ ماوەیەکی زۆر بێ دادگایی و پاشان دروستکردنی دۆسیە و سیناریۆ سازکردن بۆیان و دەستکاری کردنی لێدوان و دیمانەکانیان و پاشان بلاوکردنەوەی بەناوی "دانپانانی" ئەوانەوە، تا سزای حزبی و بنەماڵەیان لەبەرگی دادگادا بەسەردا بسەپێنن، تا دەگاتە ئەوەی سەرۆکی حکومەت بەر لەدادگا رای بگەیەنێت کە گیراوەکانی بادینان رۆژنامەنووس و چالاکوان نین و کاریان بۆ دەستی دەرەکی کردووەو ئاسایشی نیشتیمانیان!! خستۆتە مەترسیەوە، هەموویان بەڵگەن، کە دادگا و پارێزەرە حزبۆکراتییە جلەوکراوەکان، کارێکیان لەدەست نایەت جگە لەوەی مۆر بدەن لە لێدوانی سەرۆکی حکومەت و شوێن پێی خۆیان لە خزمەت پارتی و سەرۆکی حکومەتدا قایم بکەن.

بریاری دوبارە سەپاندنی چوار ساڵی تریش بەسەر شیروان شیروانی و مامەڵەی نائیسانیان لەگەڵ سەرجەم گیراوەکانی بادینان، لەدرێژەی هەمانە مامەڵەی پێشوودایە کە بە ناحەق تاوانیان بەسەردا سەپێنراو و دۆسیەیان بۆ دروستکرا و سزای بەعسیانە دران. ئەم مامەڵە سیاسی و حزبی و بنەماڵەییە لەگەڵ گیراوەکانی بادینان، هێندە ناشایستەو دژە ئینسانییە، تەنانەت هاوشێوەکانی پارتی ناچاربوون کە ئیدانەی بکەن، بەشیکی زۆری ناوەندە نێودەوڵەتیەکان هاتونەتە سەرخەت و ئیدانەی ئەم مامەڵەیان کردووە داوایان کردووە کە ئەو گێراوانە ئازاد بکەن، بەڵام چونکە دۆسیەی ئەم رۆژنامەنووس و چالاکوانانەی بادینان، دۆسیەی بەرگری کردن لە ماف و داخوازی و خزمەتگوازرییەکانی خەڵک و بەشداری لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و رابەری کردنیاندایە، لە ناوجەرگەی بادینانی پێگەی دەسەڵاتی پارتیدا، پارتی دەیەوێت لە ڕیگای گرتنە بەری ئەو سەرکوتگەرییە ئاشکرایە، خەڵکی بادینان بترسێنێت و بەر بگرێت لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە ریشەی لە خودی دەسەڵاتی داسەپاوی پارتیدایە.

ئەوەی بۆ پارتی و دەسەڵاتەکەی نەچووتە سەر ئەوەیە، سەرباری ئەو هەموو گوشار و سزا قورسەی بەسەر گیراوەکانی بادیناندا درا و ئێستاش چوار ساڵ، چوار ساڵ دۆسیەی تر بۆ درێژ کردنەوەی بەدەستەوە دەگرن، نەک نەیتوانییوە ورە و ئیرادەی گیراوەکانی بادینان بشکێنێت، بەڵکو شکانی خۆیان لە بەرامبەر بە ئیرادەی گیراوکانی بادیناندا دەبینن... پشتیوانی بەرەی ئازادیخواز و ئینسان دۆست و دادوەرانی ئازاد و ئازا دەبینن، کە نەک بێدەنگ نەبوون و پاشەکشەیان نەکردووە، بەڵکو بێدەنگ نابن و بەرگری کردن لە ئازادی بیرورا و ئازادی سیاسی، بۆتە ناسنامەیان.

دیارە هێشتا بۆ ئازادکردنی گیراوەکانی بادینان و ریگەگرتن لە سەرکوتی ئازادی و ئازادییەکان، پێویستی بە بەرینکردنەوە و فراونکردنی نارەزایەتیەکانی بەرەی ئازادیخوازو ئینسان دۆست و درێژەدان بە نارەزایەتیەکانە لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان و وڵاتانی دنیای دەرەوە، تا دەسەڵاتی سیاسی ناچار بێت ئەو گیراوانە ئازاد بکات و سەری تەسلیم بوون لەبەرامبەر بە ئازادیخوازیدا دابنەوێنێت.

ئەوەی شیروان شیروانی لە بەرامبەر دادگادا وتی من تێک نەشکاوم، نیشانەی تێک نەشکانی تەنها ئیرادەی شیروان شیروانی نییە، بەڵکو نیشانەی تێک نەشکانی ئیرادەی ئازادیخوازییە لەبەرامبەر جەور و ستەمی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و پارتی و هاوشێوەکانیدا.

## دریژەی: نارەزایەتی خەڵکی کفری، پێویستی بە گرتنەبەری شێوازی تازە و پشتیوانی شار و شارۆچکەکانی تر هەیە...

دەیلێن، لەبەر ئەوەی خاوەنی خەبات و قوربانیدانیان، دەبێ وەڵام بەداخوازییەکانیان بدرێتەوە، بەڵکو بە سادەیی لەبەر ئەوەی کە هەموو کەس و خەڵکی هەموو جێگایەکی کوردستان و شار و شارۆچکە و دیهاتەکانی، مافی ژیان و بەهرەمەند بوون لە خزمەتگوزارییەکانیان هەیە و ئەرکی دەسەڵاتی سیاسییە بێ گوێدانە هیچ باگراوندێکی سیاسی و خەباتکارانە و قوربانیدان و نزیکایەتی لەم حزب و ئەو حزب، وەڵام بەداخوازی و ویستەکانیان بداتەوە، لە پێش هەمووشیانەوە، نان و موچەو خزمەتگوازیی و هاوکات دەبێ مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادییەکانیان بۆ فەراهەم بکات.

خەڵکی گەرمیان و کفری وەکو سەرجەم خەڵکی کوردستان، بەدەست نەبوونی و گرانی و بێکاری و دزی و تاڵانی و نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوازرییەکانەوە گیرۆدەن. ئەم دۆخە وای کردووە بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو ناوچەیە، بۆ بژێوی ژیان و گوزەرانیان ناچارن شارەکەیان بە جێ بهێڵن و روو لە جێگای تر بکەن و لەویش بەهۆی بێکاری یان بەهۆی کرێی کەمەوە دوبارە دەرگیرێکی هەلومەرجێکی نەخوازراون.

خەڵکی کفری لەبەرامبەر بەو دۆخەدا، ناچاربوون دەنگی نارەزایەتی و توڕییەکانی ناو ماڵ و دەرونی خۆیان، بگوازنەوە ناو کەشی گشتی و لە ژێر خێمەکاندا کۆببنەوە تا لە ڕیگایەوە سەرجەم کۆمەڵگە لە نەهامەتیەکانیان بە ئاگابهێنەوە و داوای پشتیوانیان لێ بکەن و لەلایەکی تریشەوە بە دەسەڵاتی سیاسی بڵێن، توانای بەرگە گرتنمان نەماوەو نارازین بە دەسەڵات و کارو کردەوەو کارنامە و تاڵانی و بێ دەربەستیان بەرامبەر بە دابین کردنی سەرەتاییترین خواستی ئینسانیمان...

لە ١٠ تەموزەوە تا بە ئێستا دەگات وا نزیک بە سێ هەفتەیە، خەڵکی کفری بە دەنگی بەرز داواکارییەکانیان رادەگەیەنین و جێبەجێکردنیشیان نەسەختەو نە کاتی زۆری پێویستە تا بە سەبری ئەیوبیان!! بسپێرن. کەچی تا بە ئێستا دەگات دەسەڵاتی سیاسی یەکەمی ناوچەکەو زۆنی سەوز بێ دەنگەیان هەڵبژاردووەو لە ڕیگای بەرپرسانی تری دەستی چەندهەمەوە خەریکن وەکو "سواڵکەر" مامەڵەی داخوازی و ئیرادەی وەگەرکەتوو و خەباتکارانەی خەڵکی گەرمیان و کفری دەکەن... لەلایەکی تریشەوە بەرپرسانی زۆنی زەرد کە لەزۆنەکەی خۆیاندا هێشتا ناتوانن ئاو وەکو سەرەتاییترین پێداوستی ژیان بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵکی کەم دەرامەت و قەراغ شارەکان دابین بکەن و کێشەی ئاوەڕۆی پایتەخت چارەسەر بکەن و پرسی سوتەمەنی و کارەبا وەڵام پێ بدەنەوە و لەوەش زیاتر سەغاوەتمەندانە ساڵ بۆ زیندانیانی سیاسی بادینان و خەڵکی نارازی زیاد دەکەن، کەچی دێن و فرمێسکی تیمساحی بۆ خەڵکی گەرمیان و کفری دەوەرێنن و دەڵێن بە روحیەتی گەرمیانیانەوە، لە پشتانین.

خەڵکی گەرمیان و کفری، و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەزانن، کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، دەسەڵاتی دابەشبووی دوو زۆنی سەوزو زەردە و خەڵکی هەر زۆنێکیش بەر لەرهەموو شت داخوازییەکانیان رووی لە دەسەڵاتی یەکەمی ئەو زۆنەیە. نەیەکیتی وەکو بەرپرسی ئەم زۆنە مافی شانخاڵی کردنەوەی لە وەڵامدانەوە بەداخوازی خەڵکی گەرمیان و کفری و زۆنی سەوز هەیەو نە دەسەڵاتی زۆنی زەرد ئەو مافەی هەیە، بەهرەبەرداری لە نارەزایەتی خەڵکی کفری و گەرمیان وزۆنی سەوز بکات و نە ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەی بۆرژوازی ڕیگای ئەوەی هەیە خۆی بەخواستە رەواکانی خەڵکی بێبەشی کوردستانەوە هەڵبواسن و تا لەو رێگایەوە بگەنە کۆشکی دەسەڵات و دیوەخانی دابەشکردنی تاڵانی و بەری رەنجی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش.

خەڵکی کفری و گەرمیان، پێویستیان بەوەیە کە ئاستی نارەزایەتییەکانیان ببەنەسەرەو و شێوازی تری کاریگەر لە درێژەی کۆبونەوەی ژێر چادرەکان بەدەستەوە بگرن و بەشەکانی تری کۆمەڵگە بەتایبەتی کریکاران و توێژەکانی تر بە مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبونەوە لە جێگای کارو ژیانیاندا، پشتیوانی لە داخوازی خەڵکی گەرمیان و کفری بکەن و هەروەها خەڵکی شارو شارۆچکەکانی تر بە ڕیگای شیاو گونجاو پشتیوانی بەکردەوە لە داخوازییەکانی خەڵکی کفری بکەن... ئەمانە ئەو رێگایانەن کە دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی ناچار بکات وەڵام بەخواستەکانی خەڵکی کفری بداتەوە و گەمەی دەسەڵاتی زۆنی زەردیش پوچەل و نەخشەی دزینی ئیرادەی خەڵکیش لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کوردەوە، توشی شکست و ناکامی بکات.

**نەیەکیتی وەکو بەرپرسی ئەم زۆنە مافی شانخاڵی کردنەوەی لە وەڵامدانەوە بەداخوازی خەڵکی گەرمیان و کفری و زۆنی سەوز هەیەو نە دەسەڵاتی زۆنی زەرد ئەو مافەی هەیە، بەهرەبەرداری لە نارەزایەتی خەڵکی کفری و گەرمیان وزۆنی سەوز بکات و نە ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەی بۆرژوازی ڕیگای ئەوەی هەیە خۆی بەخواستە رەواکانی خەڵکی بێبەشی کوردستانەوە هەڵبواسن، تا لەو رێگایەوە بگەنە کۆشکی دەسەڵات و دیوەخانی دابەشکردنی تاڵانی و بەری رەنجی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش...**

# ئەم بۆچوونە و ئەم هەڵوێستە؟ کێت لە پشتە و پارەت دەداتێ؟



**نووسینی: بنار مستەفا**

لە ١٤ی تەممووزدا لە لەندەن کورد زمانان خۆپیشاندانێکیان دژ بە سەردانی بافڵ تاڵەبانیی سەرۆکی یەک ئەنجامدا. قسەوباسی دەشتی جەمال، بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەو خۆپیشاندانەدا، بە فراوانی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بلاوبۆوە و بووە مایەی پشتیوانی هەزاران کەس.

دەیان کەسیش پرسیاریان کرد، کە "کێی لە پشتە و پارەی پێ دەدات؟" هەندێکیش واوەتر دەڕۆشتن و "ڕاستییەکەیان" دەزانی و کەسی لە پشتبوویان دەستنیشان دەکرد، کە بۆ نمونە پاراستن، مەلا بەختیار و لاهور لە لیستەکەدا بوون. هەڵبەت زۆرینە بەئاگان لەوەی کۆمۆنیستەکان ناکرِدرێن و هەمیشە خاوەنی سیاسەتی خۆیانن، کە بە قوڵی بەرگری لەوە دەکەن، کە باوڕەیان پێی هەیە و لە پێناویدا تێدەکۆشن. بەڵام خودی ئەم پرسیار و تۆمەتانە، ڕاستییەکی تر بەیان دەکات.

بزووتنەوەی کوردایەتی، کە زیاتر لە سێ دەهەیە لە کوردستان دەسەڵاتی هەیە، هیچ کات خاوەن سیاسەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە، نە پێش دەسەڵاتیان و نە پاش. هەمیشە سیاسەتی وڵاتانی تریان پیادە کردووە. ئێران سیاسەتی بۆ یەکێتی و تورکیا بۆ پارتی دیاری کردووە. هیچ کات سیاسەتی ئەم حزبانە پێچەوانەی سیاسەتی ئەو هێز و وڵاتانە نەبووە و نابێت، کە دەسکەلایان بوون.

هەروەها خۆشیان لە سایەی دەسەڵاتیاندا، هەمان کاریان بەرانبەر خەڵکی و لایەنەکانی تر کردووە. لە سی ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان بۆ ئەوەی کەسێک بە پلە و پایەیەکی شایستە بگات، توانا و لێهاتووی خۆی یەکلاکەرەوە نەبووە، بەڵکو ئەو فیلتەرانەی دوو حزبی دەسەڵاتدار دایانناوە. سەرکەوتن و پێشڕەوی تاکەکان، بەدەر لەوەی حزبێکی دەسەڵات یان یەکێک لە بەرپرسەکانیان لە پشت بێت، زیاتر حاڵەتێکی شازە تا باو.

لەمەش بترازێت، بەو پێیەی پارتی و یەکێتی دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی کۆمەڵگەدا گرتووە و پاروە نانی خەڵکی لە چنگیاندایە، کەسانێکی زۆر بۆ ژیانێکی سەرەتایی، گەیشتن بە کارێک، خوێندنێک و زۆر بابەتی تری سەرەتایی، ناچار بوون مەرجەکانی ئەم دوو حزبە قەبوڵ بکەن. بەجیا لەوەی لیستی بندیواریان هەیە و هێزی تایبەتیش سازدراوە، لە کەناڵە جیاوازەکانەوە بە باڵی بەرپرس و حزبی خۆیان هەڵبدەن و هێرش بکەنە سەر نەیارانیان. واتە مەرج نییە ئەم کەسانەی لە لیستی مووچەخۆرانی ئەحزابی دەسەڵات و شەریکەکانیانن، بۆچوونی ڕاستەقینەی خۆیان بەیان بکەن، بەڵکو بۆچوونی ڕاسپێردراو و دارێژراون.

بە واتایەکی تر دەسەڵاتدارانی کوردستان دیاردەی کڕینی بۆچوونیان شکڵپێداوە، بە دانی پارە و ئیمتیازات و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت، هەڵوێستی خوازراویان لە لایەن بەرژەوەندیخواز و مووچەخۆرانیان دەبیسترێت. خۆشیان هەمان کاریان بۆ دەوڵەتان کردووە، لە بەرانبەر وەرگرتنی ئیمتیاز، خواستی سیاسەتی وڵاتانیان پیادە کردووە و ئێستاش دەیکەن. کاتێک کڕینی هەڵوێستیان کردۆتە دیاردەیەکی باو، وەها دەردەکەوێت هەر کەسێک بۆچوونێکی دەربڕی یان هەڵوستێکی نواند، کەسەکە خۆی لێوەی دوورە لە بەرانبەر وەرگرتنی بەرژەوەندییەکدا ئەو هەڵوێستە دەنوێنێت.

چونکە ئەم بنەمای جیهانی سیاسیان بووە، هەم کڕاو و هەم کڕیار، پێیان وایە بەدەر لەم ڕێگایە، دەرفەت و ڕێگای تر نییە بۆ خۆنواندن و بەیانکردنی بۆچوون و دەربڕینی هەڵوێست. یان لانی کەم هەوڵ دەدەن وای نیشان بدەن، کە هەر خۆیان نین و کەسانی تریش ئەو کارە دەکەن. هەروەها لە جددیەتی کار و چالاکی و هەڵوێستی کەسانی تر کەم بکەنەوە، کە نیشانی بدەن گوایە گرنگ نییە و بۆ کەسانی تری ئەنجام دەدەن.

ئەم گەمە سیاسییە تایبەت بە بزووتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسیە، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنیانەوە. کۆمۆنیستەکان هەمیشە دوور بوون لەم یارییە قێزەوەنە و بەردەوام لەسەر بنەمای باوەڕی قووڵیان بە جیهانێکی باشتر هەڵسوڕاون و بەرانبەر هەموو ڕەوتە کۆنەپەرستەکان وەستاونەتەوە، بە تایبەتی لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی کوردستان و عێراق و ئێران، کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیان قۆرغ کردووە و سەرکوتی دەنگی نارازیان کردووە و لە ستەم و چەوساندنەوە تا باڵاترین پلە کەمتەرخەمیان نەنواندووە. هەڵوێست و چالاکی کۆمۆنیستەکان هیچ کات هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەت بە خۆی لە بەرچاو نەگرتووە و لەسەر بنەمای باوەڕ بە خودی کارەکە بووە، تا نزیکبوونەوە لە دەسەڵاتی جەماوەری. هەر بۆیە کۆمۆنیستەکان ئومێدی کۆمەڵگەیەکی باشترن. ئەحزابی کوردایەتی لە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات خۆی تاقی کردۆتەوە و هەمان سیاسەتی نیشاندا. کۆمۆنیستەکانیش بە هەمان شێوە میتۆدی کارکردن و هەڵوێستیان نیشانیان داوە. چەواشەکاری ئەم دیاردەیەی دەسەڵاتداران بێ هوودە دەمێنێتەوە.

# پیلانێکی مەترسیدار بۆ تەسفیەکردنی (تیرۆری بایلۆجی) دژی زیندانیو ئازادکراوانی بادینان...

بۆ/ ڕای گشتی

بۆ/ لایەنە پەیوەندیدارەکان

پێویستە مەسرور بارزانی دەستهەڵگرێ لەم بڕیارە تاکڕەوانەی و چەمینەوە لەبەردەم ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە شکاندنی غروری نەبینێت، چونکە ئەم بڕیارانە مەترسین بۆ سەر تاک بە تاکی ئەم کۆمەڵگایە و سومعەی هەرێمی لە رووی دەرەوە بەتەواوەتی ناشیرین کراوە.

– داوا لە گۆڕان و یەکێتی دەکەین لەم حکومەتە پۆلیسییە ماوەبەسەرچوە بکشێنەوە.

– داواکارین هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ئاستی سەرۆک حزب و سەرکردایەتی بێنە سەر جاددە.

بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە لەژێر سیاسەتی کابینەی نۆیەم بە عەقلیەتێکی دۆگماتیکی و پۆلیسی ماوەی سێ ساڵە دوور لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی بیروڕا، پێچەوانەی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ، دەستور و یاسا کارپێکراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان چ زوڵم و پێشلێکاری یاسایی و مافی مرۆڤ بەرامبەر رۆژنامەنوس و چالاکوانانی بادینان دەکرێت و لەژێر حوکمی دادگایەکی کارتۆنی– حزبی سزادراون و سزادەدرێن.

بەداخەوە پیلانێکی مونەزەمی قرێژی – مەترسیدار هەیە دژی زیندانی و ئازادکراوەکانی بادینان بە تایبەتی رۆژنامەنوس شێروان شێروانی کە مانەوەی لە چاکسازی گەورانی هەولێر مەترسی تەسفیەکردنی بە "تیرۆری بایلۆجی" هەیە (لەنێو زیندانیش سیخور بۆ چاودێریکردنی دانراوە) و پێویستە بۆ سەلامەتی گیانی لە زووترین کاتدا بۆ چاکسازی سلێمانی بگوازرێتەوە کە مافێکی ئاسایی و یاسایی خۆیەتی.

– دوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، چینی نۆخبە و رێکخراوە مەدەنیەکان و لایەنە سیاسیەکان دەکەین لە هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێم و رەوەندی کوردی لە دەرەوە خۆپێشاندانی سەرتاسەری ئەنجامبدەن، بە تایبەتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان سەرباری پاڵپشتی میدییان بۆ ئەم دۆسیەیە داواکارین لە سەرئاستی سەرۆک حزب و سەرکردایەتیان لە ئۆفیسەکانیان بێنە دەرەوە و بە کردار و لە مەیدان بەشداری خۆپێشاندانەکان ببن.

– داوکارین دوو هێزە پێکهێنەرە سەرەکیەکەی کابینەی نۆیەم بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کە بە بەیاننامە دژایەتی خۆیان بۆ سزادانی زیندانیانی بادینان ڕاگەیاندوە، بە کرداریش وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی و بۆ مێژوو لەم کابینەیە پۆلیسیە خۆسەپێنە بکشێنەوە و نەبن بەشێک لە مانەوەی ئەم مۆدێلە سیاسییە تاکڕەوە.

– پێویستە دەسەڵاتی دادوەری رۆڵی (عەواد بەندەرەکانی) سەردەمی بەعس نەگێڕن و چیتر نەچنە ژێر ئەمری حزبی، دەستبەجێ زیندانیانی بادینان ئازادبکرێن، چونکە لە ڕووی یاساییەوە بەپێ مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی لەسەدا ٦٠٪ی سزاکەیان و لەبارچاوگرتنی یاسای ژمارە ٢٣ی بنەما دادگاییەکانی سزا (اصول محاكمات الجزائيه)، ئازادکردنی مەرجدار (إفراج الشرگی) ماددەی ٣٣١، سزای زیندانیانی بادینان تەواو بوە و زیاتریش لە ماوە یاساییەکەی خۆیان ڕاگیراون.

دۆسیەی زیندانی بادینان و شێروان شێروانی تەنیا پرسی شار و کەسێک نیە، بەڵکو پرسێکی گشتیە و ئەرکی هەموو لایەکە بەجدی بێنە سەرخەت، مەسرور بارزانی دەستهەڵگرێت لەم مۆدێلی حوکمرانیەی، چونکە مەترسیە بۆ سەر تاک بە تاکی ئەم کۆمەڵگایە و سومعەی هەرێمی ناشیرین کردوە و هاوپەیمانان و وڵاتە دۆست و پشتیوانانی کوردی نیگەران کردوە.

داواکارین ڕای گشتی کوردستان، میدیا، داواکاری گشتی و دەسەڵاتی دادوەری، لایەنەکان، پەرلەمانتاران، و یونامی دەستەی مافی مرۆڤ، نوێنەرانی وڵاتان لەهەرێم و بەغداد (کونسۆلخانەو بالیۆزخانە) و رێکخراوە جیهانیەکان هەلوێستی جدی وەرگرن، چونکە ئەو چالاکوانانە لەسەر ڕای جیاواز و خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی سزادراون و ئەمەش مەترسیە بۆ سەر پرۆسەی دیمۆکراسی و ئازادی ڕادەربرین و ناشیرینکردنی سومعەی هەرێمەکەمان و لە ئاییندەدا هەموو لایەک باجەکەی دەدات.

**ئەیهان سەعید**

**نوێنەری زیندانیانی بادینان**

**٢٢ی ٧ی ٢٠٢٣**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ

# وەستا جەلال کادیری یەکێتی کۆمۆنیستەکان وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە...



پرسی ڕۆژ: دادگەی تاوانی هەولێر ڕۆژی ١٦-٢-٢٠٢١ بە تۆمەتی "تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی" هەریەکە لە (شێروان شێروانی، ئەیاز کەرەم، گوهدار محەممەدئەمین، هاریوان عیسا و شڤان سەعید)ی بە یەکی شەش ساڵ زیندانیکردن سزادا. مانگی شوباتی ٢٠٢٢ بە فەرمانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ٦٠٪ی سزاکەیان، جگە لە شێروان شێروانی کە ٥٠٪ بوو، کەمکرایەوە. بەگوێرەی ئەو بڕیارەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیاربوو مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ شێروان شێروانی ئازاد بکرێت.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠-٧-٢٠٢٣ ڕەمەزان ئەرتیسی، پارێزەری شێروان شێروانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاند، "شێروان شێروانی بە مادەی ٢٩٨ و ٢٩٥ لە یاسای سزادانی عێراق، بە چوار ساڵ بەندکردن سزادا، بە مادەیەکیان دوو ساڵ و شەش مانگ و بە مادەیەکی دیکەیان ساڵێك و شەش مانگ."

ئەم دۆسیەیە بەدۆسیەی گیراوانی بادینان ناسرا، و لەلایەن ئازادایخوازان وداکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ لە ناوەوە و لەدەرەوەی کوردستان کەمپینی پشتیوانی گەورەی بۆ ڕێکخرا. شایانی باسە ئەو داکۆکیکردنە تاوەکو ئەم ساتەوەختە بەردەوامە، و بڕیارەکانی دادگە بە سیاسی ناوزەد دەکرێت. هەروەها زۆرێك لەتۆمەتەکان بە نایاسایی لەقەڵەم دەدرێن!

راى ئێوە لەوبارەوە چۆنە سەبارەت بەبارە یاساییەکەی و بارە سیاسیەکەی؟ ئایا دەتوانین بەو دۆسیەیە بڵێین سیاسیە و زیندانی سیاسی هەیە لە کوردستان؟

بەڕێز" وەستا جەلال" کادری یەکێتی کۆمۆنیستەکان وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە.

وەستا جەلال: خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر بەباشی دەزانن حکومەت و حیزبەکانی دەسەڵاتدار، لە هەرێمی کوردستان دژ بە ئازادی و ماف و خواستەکانی خەڵکی کوردستانن، دژایەتیکردن و پێشگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی، لە لایەن یەکێتی و پارتیەوە کە ئێستا لە دەسەڵاتن، تەنها ناگەڕێتەوە بۆ ٣٠ ساڵ حکومڕانیان لە هەرێمی کوردستان، ئەم دوو حیزبە لەسەرەتای دروستبوونیانەوە تاکو ئێستا، ئەگەر لەشاخ بوبن یان لەناو شار، هەمیشە نەیارانی خۆیان هەتا ئەوانەی ئەندامی حیزبەکەی خۆشیان بوون، لەسەر جیاوازی بیروباوەڕ تیرۆر کراون، یان زیندانی و بەر شەق دراون. خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە ماهیەتی ئەو دەسەڵاتەو ئەو دوو حیزبە تێبگەن و ماناى ئازادی بزانن؟ پێویست ناکات لە قاموس یان لە ژووری تاقیگاکەکان بەدوای ماناى ئازادیدا بگەڕێن، بزانن یەکێتی و پارتی باوەڕیان بە ئازادی بیروباوەڕ ئازادی سیاسی و ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان هەیە یان نا! ؟ لەبەر ئەوەی ئازادی،لە مەیدانی کار، پەیوەندی مرۆڤ بە تەکنەلۆجیا، لە ناوەند و دەزگا سیاسی، وئابوری و کۆمەلایەتیەکان، وەکو حکومەت، خێزان، ئاین، زانکۆ، پۆلیس، یاسا، ئابوری، دەوڵەت، قوتابخانە،دادگا،سوپا... هتد، دەردەکەوێت خەلکی هەرێمی کوردستان چەندە ئازادن، لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای حیزب و حکومەت، ئازادی مرۆڤ و ئازادی هاولاتی باش، گرێ دراوە، بە ئاین فەرهەنگ و نەریتی کۆمەڵایەتی. نەك تەنها حیزب و حکومەت بەڵکو ئاین، فەرهەنگ و نەریتیش دژی ئازادی و بیروباوەڕ و ئازادی مرۆڤن. دۆسیەی زیندانیانی بادینان و کەیسی شێروان شێروانی، لە لایەن حکومەت، بەتاییەتی لە لایەن مەسرور بارزانیەوە بە سیاسی کراوە. دۆسیەی چالاکوانانی بادینان و شێروان شێروانی هیچ پەیوەندی بەئاسایشی نیشتیمانیەوە نییە، ئەگەر مەسەلەی ئاسایشی نیشتیمانی بێت، هیچ کەس و لایەنێك بەقەدەر یەکێتی و پارتی بەتاییەتی پارتی، بە هێنانی سوپای تورکیاو بەتاڵانبردن و فرۆشتنی سەروەت و سامانی هەرێمی کورددستان بە وڵاتانی دراوسێ ئاسایشی نیشتیمانی نەخستۆتە مەترسیەوە! هەرێمی کوردستان پڕیەتی لە بارەگای سەربازی و موخابەراتی وڵاتانی ناوچەکە، کە بەڕەزامەندی یەکێتی و پارتی لەوێ بارەگاکانیان دامەزراندوە، بەندکردنی چالاکوانی بادینان و بڕیاری سەپاندنی زیندانی چوار ساڵی تر بەسەر شێروان شێروانی لە لایەن دادگەوە، ترسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خودی مەسرور بارزانیە لەو ناڕەزایەتی و بێزارییەی کەلە ناوچەی بادینان

**دۆسیەی چالاکوانانی بادینان و شێروان شێروانی هیچ پەیوەندی بەئاسایشی نیشتیمانیەوە نییە، ئەگەر مەسەلەی ئاسایشی نیشتیمانی بێت، هیچ کەس و لایەنێك بەقەدەر یەکێتی و پارتی بەتاییەتی پارتی، بە هێنانی سوپای تورکیاو بەتاڵانبردن و فرۆشتنی سەروەت و سامانی هەرێمی کورددستان بە وڵاتانی دراوسێ ئاسایشی نیشتیمانی نەخستۆتە مەترسیەوە!**

سەری هەڵداوە، دادگە لە هەرێمی کوردستان هیچ سەربەخۆیەکی نەماوە تاکو باوەڕ بە بڕیاری دادگە بکرێت، دادگە ئۆرگانێکە وەکو ئۆرگانەکانی تری حیزب، بۆ جێبەجێکردنی سیناریۆکانی حیزب، دۆسیەی شێروان شێروانیش سیناریۆیەکە لەلان مەسرور بارزانیەوە داڕێژراوەو دادگەش جێبەجێی دەکات، یەکێتی و پارتی لە چەند ساڵی حکومڕانیان، لە ڕێگای دزی و گەندەڵی خەریکی بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیانن ،بۆ بەرگریکردن لەو سەروەت و سامانەی کە بۆ بنەماڵ و بەرپرسەکان کۆیان کردۆتەوە، ئێستا لەوە دەترسێن کە لەلایەك لەڕێگەی خۆپیشاندانی جەماوەری و بەهێزبوونی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستانەوە. لەلاکی تر لە ڕێگەی ئەو فشارە زۆرەی حکومەتی مەرکەزی هێناویەتی بۆ لە قاڵبدان و لاوازکردنی دەسەڵاتەکەیان لە هەرێم لەدەستی بدەن، بۆیە دەبینین دەست ناپارێزن لە دروستکردنی هەر کار و سیناریۆیەك کە بۆیان دەکرێت لە بەرامبەر خەڵکی نارازی ئەنجامی بدەن، دیارە سەرەڕای تیرۆر، کوشتن ، زیندانیکردن و هەڕەشەکردنیان لە خەڵکی کوردستان بەتاییەتی لە ناوچەی بادینان، نەیان توانیوە پێش بە ناڕەزایەتی و ئومێد بە ئازادی و ژیانێکی باشتر لە خەڵکی کوردستان و هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی بگرن،

**دوبارە سوپاس بۆ "بۆپێشەوە" بۆ ڕەخساندنی ئەم گفتوگۆیە.**

# لە لۆزانەوە تا ڤێلنیۆس 100 ساڵ شکاندنی کورد



**نووسینی: دلێر محەممەد نوری**

دەقی وتارێکە کە بۆ زیاد لە پێنج ڕۆژنامەی نەرویجی نێردراوە، بە بێ ئەوەی یەکێکیان ئامادە بن بڵاوی بکەنەوە. وا دیارە دڵخۆشی جەماوەری ئەوروپی بە ئەندامبوونی سوید لە ناتۆ و تێکنەدانی مەزاجی سیاسی نەرویجییەکان، زۆر گرنگترە لە میسداقییەتی مێژوویی و ڕۆژنامەگەری. هەر بۆیە کورد دوای سەدد ساڵ هەمان پرسیار ئاراستەی ویژدانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی ئەکات: ئایا شەرم نیە لەسەر خوێنی گەلی کورد دووبارە و لە دوای ١٠٠ ساڵ دیسان ئاسایشی خۆتان توندوتۆڵ دەکەنەوە!؟

پەیمانی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠) پەیمانێک بوو کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە نێوان زلهێزە سەرکەوتووەکانی هاوپەیمانان و نوێنەرانی حکومەتی تورکیای عوسمانی ئەنجامدرا. ئەو پەیماننامەیە کە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و داوای لە تورکیاش کرد کە دەستبەرداری هەموو مافەکانی خۆی لە ئاسیای عەرەبی و باکوری ئەفریقا بێت. هەروەها ڕێککەوتنەکە دەستەبەرکردنی دروستکردنی ئەرمینیای سەربەخۆ و کوردستانی سەربەخۆ و زاڵبوونی یۆنان لە کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و هەروەها کۆنترۆڵیان بەسەر دوورگەکانی ئیجە کە زاڵبوون بەسەر دەردانێلدا هەبێت. پەیمانی سیڤەر لەلایەن ڕژێمی نوێی کەمالی ناسیۆنالیستی تورکیاوە ڕەتکرایەوە و لە ساڵی ١٩٢٣دا پەیمانی لۆزان جێگەی گرتەوە.


سەدەیەک لەمەوبەر و لە ٢٤ی تەمموزدا ڕێککەوتنێک واژۆ کرا کە بە پەیمانی لۆزان ناسراوە. لۆزان شارێکە لە وڵاتی سویسرا لە ئەوروپادا. لە کۆنفرانسێکدا، ئیسمەت ئینۆنۆ، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی تورکیا، کە نوێنەرایەتی حکومەتی تورکیا بوو لە گەڵ لۆرد کورزۆن، بە نوێنەرایەتی حکومەتی بەریتانیا، کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی پرسی پارێزگای موسڵ کە نزیکەی هەموو ناوچە کوردستانییەکانی باشوری لەخۆگرتبوو. مەبەست لە کۆنفرانسەکە پێداچوونەوە بوو بە مادده و بڕگەکانی پەیماننامەی سیڤەر کە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لەلایەن وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەمەوە واژۆ کرابوو.

هەروەها ئامانجی کۆنفرانسەکە هەڵسەنگاندنی سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا شکستی هێنابوو و خاکەکانی بووبوونە جێی سەرنجی زلهێزە سەرکەوتووەکان. ڕێککەوتنی لۆزان لە چەند بڕگەیەک پێکهاتبوو. لە نێو ئەو ماددانەدا ماددەی 37 تا 45 باسی لە مافی کەمینەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکرد. بەپێی ئەو ماددانە حکومەتی تورکیا مافی ئەوەی هەبووە هەر بڕیارێک لەدژی ئەو کەسانە بدات کە پابەندی بڕیار و بەرژەوەندییەکانی نەدەبوون. بۆیە لەسەر داوای حکومەتی تورکیا بە کۆنگرە و ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی کوردستان دابەشکرا.

لەسەر بنەمای ئەم تێبینییە گرنگانە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە مێژوو بۆ کورد زۆر سەخت بووە و بەردەوامیشی هەیە. وتەیەک هەیە دەڵێ مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. جێگای سەرنجە کە دوای سەدەیەک و تەنها بە جیاوازی چەند ڕۆژێک، پێدەچێت هەمان وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ تورکیادا دانوستان بکەن، سەبارەت بە ستەمێکی دیکەی خوێناوی لە کورد. ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، تەنانەت بۆ یەکجاریش، شەرم لە پێشێلکردنی مافەکانی گەلی دێرینی کورد ناکات؟ گەلێک کە بە سەخترین جەنگەکاندا تێپەڕیوە و لە چوار وڵاتی جیاوازەوە تووشی گۆشەگیری و جینۆساید بووەتەوە. لەوێشدا کوردستان لە نێوانیاندا دابەش بووە لە سەر تیشکی بڕیارێک کە زلهێزەکانی ئەوکاتە داویانە. ئایا جێی داخ نییە کە هەمان دۆخ دوای سەدەیەک دووبارە دەبێتەوە لە شارێۆی دیکەی ئەوروپا و لە مێژوویەکی دیکەدا کە ئەوروپا لافی مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی چەوساوە لێ دەدات؟

*****

# باسێکی کورت لەسەر توانا و لێهاتوویی بەلشەفییەکان لەڕووداوەکانی مانگی تەمموز پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧



تا هاوینی ساڵی ١٩١٧ چینی کرێکاری ڕووسیا وردە وردە گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە سۆڤیەتی پترۆگراد بووەتە ئامرازێک لە دەستی حکومەتی کاتیدا و ناڕەزایی کرێکاران پەرەی سەندووە. لە هەمان کاتدا شورای کارگەکان لە هاوینی ساڵی ١٩١٧ لە پترۆگراد بە توندی لە ژێر کاریگەری بەلشەفیەکاندا بوون. لە پترۆگراد کرێکاران دەیانویست ڕاپەڕینێکی چەکداری ئەنجام بدرێت، بەڵام لە بوارەکانی تردا چینی کرێکار توانای وەهای نەبوو و بەشێک لە چینی کرێکار هێشتا وەهمیان هەبوو سەبارەت بە حکومەتی کاتی.

لەم هەلومەرجەدا بۆرژوازی ئاگاداری هێزی چینی کرێکار و ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیە بوو کە وەک ئاگرێک لە ژێر خۆڵەمێشدا بوو. بۆیە لە تەمووزی ساڵی ١٩١٧ بۆرژوازی هەوڵیدا ڕاپەڕینێکی پێشوەختە لە پترۆگراد بوروژێنێت، بۆ ئەوەی دواتر بتوانن بە بیانووی "یاخیبوونی چەکداری" پرۆلیتاریا و بەلشەفییەکان کۆمەڵکوژ بکەن. بەلشەفییەکان پێشتر چینی کرێکاریان لە دەرئەنجامەکانی کردەوەی پێشوەختە ئاگادار کردبووەوە.

لە بەرامبەر ئیستفزازی بەردەوامی دوما (پەرلەمانی ڕووسیا پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر)، پرۆلیتاریای چەکداری پترۆگراد بە دروشمی "هەموو دەسەلات لە دەستی شوراکاندایە" هاتنە دەرەوە. کاتێک بەلشەفیەکان لە پێترۆگراد ڕووبەڕووی خۆپیشاندانێکی چەکداری ٥٠٠ هەزار کرێکاری بوون، هەوڵیاندا خۆیان بخەنە پێشەوە و بڵێن ئەوە کارێکی ئاشتیخوازانەیە بۆ ئەوەی چینی کرێکار نەکەوێتە داوی بۆرژوازییەوە. ئەو شەوە پرۆلیتاریا لەژێر سایەی لێهاتوویی و پێگەیشتنی بەلشەفیەکاندا درک بە کردەوەی پێشوەختەی خۆی کرد، ڕۆژی دواتر چینی کرێکار بە هۆی داوای بەلشەفییەکانەوە نەهاتە دەرەوە. بەلشەفییەکان بە توانا و لێهاتوویی خۆیان توانیان ڕێگری لە خوێنڕشتنێکی گەورە بکەن.

سەرەڕای توانای بەلشەفیەکان بۆ کۆنترۆڵکردن و ئاڕاستەکردنی خۆپیشاندانی چەکداری، بۆرژوازی خۆپیشاندانی چەکداریی کردە بیانوو و دەستی کرد بە سەرکوتکردنی چینی کرێکار و بەلشەفیەکان. دەسگای سەرکوتکاری بۆرژوازی بڵاویکردەوە کە بەلشەفییەکان سیخوڕی ئەڵمانین. دوای ئەوە لینین و زینۆڤیڤ خۆیان شاردەوە و زۆرێک لە سەرکردەکانی بەلشەفیک لەوانەش ترۆتسکی دەستگیرکران.

بەڵام بەلشەفییەکان سەرکەوتوو بوون لە پێشگرتن بە کۆمەڵکوژی چینی کرێکار و بە تایبەتی سەرکردە پرۆلیتاریاکان بۆ ئەوەی هێز و دەسەلاتی خۆیان لە شەڕەکانی داهاتوودا بەکاربهێنن کاتێک هەلومەرجەکان ئامادە بوون. لە سایەی ئەو جۆرە تەکتیک و توانایەکدا بوو کە دوای چەند مانگێک کە هەلومەرجەکە ئامادە بوو، کۆمیتەی سەربازی شۆڕشگێڕی ئەنجومەنی پترۆگراد فەرمانی ڕاپەڕینی چەکداری و گرتنی ناوەند و دامەزراوە بۆرژوازییەکان و شۆڕشی ئۆکتۆبەری دەرکرد توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

بەپێچەوانەی بۆرژوازی ڕووسیا کە نەیتوانی چینی کرێکار و کۆمۆنیست بخاتە تەڵەوە، لە ئەڵمانیا بۆرژوازی توانی لە ساڵی ١٩١٩ لە ڕێگەی ئیستفزازەوە ڕاپەڕینێکی پێشوەختە بەسەر پرۆلیتاریادا بسەپێنێت. بەپێچەوانەی پێگەیشتنی بەلشەفییەکان، کۆمۆنیستە ئەڵمانییەکان جۆرێک لە بێئەزموونییان نواند و کەوتنە داوی ڕاپەڕینی پێشوەختەی بۆرژوازی، کە بە سەرکوتکردنی خوێناوی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستەکان کۆتایی هات.

ڕاپەڕینی پێشوەختەی ساڵی ١٩١٩ گەورەترین گورزی لە شۆڕشی جیهانی دا، کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا درکیان بەوە نەکرد کە ئیرادەی دەروونی مەرجێکی بەس نییە بۆ سەرکەوتنی چینی کرێکار.

بۆ ماوەیەکی زۆر هەندێک تەنانەت لەناو ڕیزەکانی بەلشەفییەکاندا، شاردنەوەی لینین و زینۆڤیڤیان لە هاوینی ١٩١٧دا وەک هەڵهاتن لە ساتێکی گرینگدا لێکدەدایەوە. بەڵام دوابەدوای ڕاپەڕینی سەرەتای ساڵی ١٩١٩ لە ئەڵمانیا و کوشتنی بێ سنووری کرێکاران و کۆمۆنیستەکان، بەتایبەتی دوای کوشتنی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و لیبکنێخت، بۆیان دەرکەوت کە ئەو هەنگاوە دەرخەری ئەزموون و لێهاتوویی بەلشەفییەکانە، کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

**لە ئینگلیزیەوە کراوەتە کوردی**

**توانا محەمەد نوری**

**٢ی تەمموزی ٢٠٢٣**



# دەستدرێژی سێکسی و هۆکارو لێکەوتەکانی...

هاوژین ڕەشید

ئاشکرایە کە مرۆڤ ئەگەر ڕێگا بەخۆی بدات، هەندێجار دڕندەییەکەی هیچ سنوورێک ناهێڵێتەوە. یەکێک لەو ڕەفتارە ناشیرین و نا ئینسانیانەی مرڤ بریتی یە لە دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ڕەگەزی خۆی، یانیش بۆ سەر ڕەگەزی بەرامبەری و تەنانەت هەندێجار زیاتر دەڕوات بۆ ئاژەڵ و سروشتیش پەل داوێت.

جۆرەکانی دەستدرێژی سێکسی زۆرن و بەپێی کات و شوێنیش دەگۆڕێن. بۆ نمونە لەو وڵاتانەی کە ئایین تێیاندا باڵادەستە زیاترە و وەکو پێویستیش ڕێگری لێ ناکرێت، چونکە تاوانبار هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە بەکاردێنێت تاوەکو کەسی قوربانی بێ دەنگ بکات. یان زۆرجار قوربانییەکە بۆخۆی ناوێرێت قسەبکات لای کەس لەبەرئەوەی ناوی لەکەدار نەبێت، یانیش کێشەی کۆمەڵایەتی لێ نەکەوێتەوە. هەندێ لەو قوربانیانە بەداخەوە خۆیان لەناودەبەن یانیش هەوڵی خۆکوشتن دەدەن تا لەو بارە دەروونییە ئاڵۆزە ڕزگاربن.

شوێنی دەستدرێژیکردنەکان دەکرێ ماڵەوە بێت. هەندێجار هاوسەرەکان ڕەفتاری نامرۆڤانە بەرامبەر یەکتری دەنوێنن و ئەویتر ناچارە ڕازی بێت، چونکە هاوژینیەتی یان هاوسەریەتی بەتایبەتی لەنێو خێزانە دینی و دواکەتووەکاندا. چونکە بەپێی قسەی مەلاکان فریشتەکان نەفرەت لەو ژنە دەکەن کە بێ دڵی مێردەکەی دەکات و خوا بە نەفرەتی کردووەو ئیتر ئەوجۆرە قسانە. لەبەرئەوە ژنەکان ئەگەر لەهەر دۆخێکی جەستەیی و دەروونی ئاڵۆز و ئازاراویشدا بن، مادام مێردیانە دەبێ بەقسەی بکەن و گوێ بە ئازارو مەینەتیەکەی ناخی خۆیان نەدەن.

ئەوە لەکاتێکدا لەنێو خێزانە پێشکەوتووەکان و وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ئەوجۆرە دەستدرێژی سێکسی یە بە بەراورد بە وڵاتانی دواکەتوو هەم جیاوازترو هەم کەمترە. چونکە ئەوان لە منداڵی یەوە تاک وا پەروەردە دەکەن کە ئازادبێت و کەس نەتوانێ بێ ویستی خۆی دەستی لێدات یان ناچار بە کارێکی بکات کە خۆی نەیەوێت، بەڵام بەو حاڵەشەوە هێشتا توندوتیژی و هەراسانکردنی سیکسی ڕاستیەکی تاڵی ناو جەرگەی وڵاتانی ئەوروپایە. بەڵام نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە لێپرسینەوەی یاسایی لەبەرامبەر دەستدرێژی و هەراسانکردنی سێکسیدا هەیە.

جێگایەکیتر کە بەداخەوە دەستدرێژی سێکسی تێدا زۆرە، شوێنە ئایینییەکانن کە دیسان دیزە بەدەرخۆنە دەکرێن و قوربانییەکە ناوێرێت قسەبکات، چونکە ئەگەر باسیکات ئەوە دەیکوژن یان شار بەدەرو وڵات بەدەری دەکەن و بۆ هەتا هەتایە ناوی دەزڕێنن. دەسەڵاتیش بێ دەنگەو ئایین چەکێکی بەهێزە بۆئەوەی کۆمەڵگەی پێ سەرکوت کات و بۆخۆی لە خێر و بێری وڵاتەکە چێژ ببینێت.

لەسەر کار و لەناو دام و دەزگا حکومی و حزبی یەکاندا، زەمینەیەکیتری لەبارە بۆ ئەو جۆرە دەسدرێژی و ڕوخاندنەی کەسێتییە و دەروونی بەرامبەر. بەداخەوە دۆخێکی ناخۆشەو زۆربەی ژنان ناتوانن کارێکی شایستە بە کەسایەتی و لێزانینی خۆیان بدۆزنەوە، ئیلا مەگەر خۆی بخاتە باوەشی بەرپرسێکەوە یان خاوەن کارێکەوە، ئینجا بتوانێ دامەزرێت لە شوێنێک و پارەیەکی دەستکەوێ بۆ خۆ ژیاندن و سکی ماڵ و خێزان تێرکردن. ئەوەش دیسان دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی حوکمڕان و سیاسی و بەڕێوەبەری وڵاتەوە کە سنورێک بۆ ئەو دیاردەیە دانێت و چیدی سێکس و دەسدرێژی بۆسەر کەسایەتییەکان نەکرێتە پێش مەرج بۆ بەدەستهێنانی پارە. چونکە لەکۆتاییدا ئەوەی باجەکەی دەدات ئەو ژن و دایکانەن کە ناچار بەوکارە دەبن. هەرکاتێکیش لە کۆمەڵگەیەکدا ژنان ستەملێکراو و سەرکز و داماوبن، ئەو کۆمەڵگەیە ناچێتە پێشەوەو بەرەو دوا دەگەڕێتەوە کە بەداخەوە منداڵانیش قوربانی سەرەکی دەبن و زۆرجار مل دەکێشێت بۆ دەستدرێژی بۆ سەر ئەوانیش و ڕازیبوون بە چارەنوسی خۆیان و ڕوشانی کەسێتییان بۆ هەمیشە. وەکو چۆن لە سعودیە چەند ساڵێک پێش ئێستا لێکۆڵینەوەیەکیان کردو بۆیان دەرکەوت کە لە هەر چوار منداڵ، منداڵێک لە تەواوی تەمەنیدا توشی دەسدرێژی سێکسی دەبێت لەلایەن چواردەورەکەیەوە. ئیتر بیهێنە پێش چاوی خۆت، منداڵێک بەو بچوکی یە ئەو بارە قورسە هەڵگرێت و هیچ فریادڕەسێکی نەبێت، دەبێ کە گەورەبوو چ کەسێکی لێ دەرچێت؟!

ماوەتەوە بڵێین، بەداخەوە شوێن و کاتی ئەو کردارە دژە مرۆییە، زۆرن و هەر بە نوسینێک باسکردنیان کۆتایی نایەت. قوربانییەکان زۆر زۆرن و چارەسەریش بوونی یاسایەکی توندە بۆ سزادانی تاوانباران و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە بەتایبەتی ژنان و منداڵان و ئاشناکردنیانە بە ماف و ئەرکەکانیان لەچوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە تێیدا دەژین...



پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکیدا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە...

بەرپرسی گۆشە: هاوژین ڕەشید

haw1986zhin@gmail.com

# ئەو پزیشکەی فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو

دکتۆر ئەکدۆنیس لە یۆنان لەدایکبووە ٣٠٠ساڵ پێش زاین. کاتێ ئەو گەورەبوو، خوێندنی پزیشکی بۆ ژنان قەدەغەکرابوو. ئەویش زۆر حەزی لەو بوارەبوو و دەیویست ببێتە پزیشک و وەکو ژنێک خزمەتی نەخۆشانی وڵاتەکەی و مرۆڤایەت بکات. ناچار بۆئەوەی خەونەکەی خۆی بکاتە ڕاستی، پرچی خۆی بڕی و هاوشێوەی پیاوان خۆی گۆڕی و چووە ناو زانکۆی ئەلیکزاندەریا بۆ خوێندنی پزیشکی. جارێکیان کاتێ دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە لەدوای تەواوکردنی خوێندەنەکەیەوە، گوێبیستی هاوار وناڵەی ژنێک بوو کە بە منداڵیەوە بوو. کاتێ نزیکبۆوە دیتی ژنەکە بە دکتۆری پیاو ڕازی نی یەو نایەوێت هیچ پیاوێک دەستی لێدات، هەرچەندە تا دەهات ئازارەکەی زیاتر دەبوو. ناچار ئەکدۆنیس لەبەرچاوی ئەو ژنە خۆی ڕووتکردەوە تا وا لە ژنەکە بکات باوەڕی پێ بکاتو یارمەتی بدات بۆ منداڵبوونەکەو کەمکردنەوەی ئازارەکەی. ژنەکەش زۆر خۆشحاڵبوو و بەخۆشی منداڵبوونەکە کۆتایی هات و هەم دایکەکەو هەم کۆرپەکەی ساغ و تەندروست بوون. وورده وورده هەواڵی بوونی پزیشکێکی شارەزا بە وڵاتیدا بڵاوبۆوەو خەڵکی ژنەکانی خۆیان لای ئەو چارەسەردەکرد و ژنانیش زیاتر متمانەیان پێبوو. ئەوەش وایکرد دکتۆرە پیاوە چاوچنۆکەکان توڕەبن و سکاڵا بەرنە لای دادوەرەکان و بە دەستدرێژیکەر بۆسەر ژنان لە قەڵەمیاندا. ئەکدۆنیس بەهەمانشێوە لەبەردەمی دادوەردا سەلماندی کە خۆیشی ژنەو دەستدرێژی نەکردۆتە سەر هیچ ژنێک، بەڵکو دکتۆرەو هەستاوە بە کاری خۆی و ژیانی نەخۆشەکانی ڕازگارکردووە. بەوەش دیسان حاکمەکانی تورەکرد و بە لادەر لە یاسای وڵات تاوانباریانکرد. بۆیە حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپاند و هەموو دادوەرەکانی وڵات کۆکبوون لەسەر سزاکە. لەوکاتەدا ژنەکان هەستیان بە مەترسی کرد و نەیانوسیت ئەو تاقە دکتۆرەیان لەدەستچێت بۆیە نارەزاییان دەربڕی بەتایبەتی هاوژینی قازی یەکان. هەڕەشەی خۆکوشتن و خۆسوتاندنیان لە مێردەکانیان کرد و گوتیان کە ئەگەر ئەکدۆنیس لە سێدارەبدەن، ئەوە ئەوانیش بەهەمان شێوە خۆیان لەناودەبەن و لەگەڵی دەمرن. ئەوەش زەنگێکی مەترسیداربوو و هیچکام لە دادوەرەکان نەیاندەویست ژنەکانیان لەدەستدەن بۆیە حوکمەکەیان هەڵوەشاندەوە و ڕێگایاندا ژنان بخوێنن لە بواری پزیشکیدا بەومەرجەی کە تەنیا چارەسەری ژنان بکەن و بەلای پیاواندا نەچن. بەوەش ئەکدۆنیس بوو بە یەکەم پزیشکی ژنان و ڕێگای خۆشکرد بۆ ژنانی دوای خۆشی کە بچنە بوارەکەوەو نەترسن و بخوێنن و چارەسەری پێویست بۆ نەخۆشانی هاوڕەگەزی خۆیان بدۆزنەوە. وێنەکەش تابلۆیەکە باسی ئەکدۆنیس دەکات لەوکاتەدا کە ژنێک منداڵی دەبێت...



هاوژین ڕەشید

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاوەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا

# چەمکی ڕەنگەکان، فاکتەری ڕەواندنەوەی گرژییە ناوەکییەکانی شاعیر...

**لێکۆڵینەوە: جەمال نوری**

لەم دەقەی "داستان بەرزان"دا، (ڕەنگ) ڕووبەرێکی گەورەی بینینی داگیر کردووە وەک لێرەدا ئاماژەی پێکردوە،

**من دڵۆپێک فرمێسکی (ڕەش... ڕەشم)**

**لە پاش کۆچی (سووری) یاران**

**بەردەبمەوە بۆ ناو فەزا،**

**چەند بگەڕێن و**

**بپرسن**

**کە ڕۆیشتم بە دیدارم ناگەنەوە**

**چەند بپرسن و**

**بگەڕێن**

**کە بزربووم نامدۆزنەوە.**

کەکاریگەرییە سایکۆلۆژی و هەستییەکان لەسەر تاکەکان بەتایبەتی شاعیران دروست دەکات. ڕەنگەکان هێما و ئایکۆن و نیشانە و ئاماژەن بۆ شتەکان. لێرەدا شێوازە دەربڕینییە شیعرییەکان هاوشێوەی شێوازە شێوەکارییەکانە بەوەی هەر ڕەنگە و بەپێی فەلسەفە و ڕێبازی دەقەکان ماناکان جێگیر دەکەن و بەبەردەوامیش لەخوڵقاندنی مانا نوێیەکاندایە.

لەهەموو دۆخەکانیشدا، ڕەنگەکان هەستەکان دەجولێنن و هۆکاریشە بۆ ڕەوینەوەی گرژییەکانی ناوەوەی مرۆڤ و هەروەها کاریگەریشە بەسەر کۆئەندامی هەستە دەمارییەکانەوە ڕۆڵێکی ئیستاتیکی وبابەتی داوە بەوێنە دیدەییە ڕەنگییەکان و هەمووشیانی بەستۆتەوە بەویژدانی مەبەستێتی دەقەکانییەوە کەخۆی لەجوانییە ئایدیالیزمەکاندا دەبینێتەوە.

قەدەری خاوەن هەستەکان هەمیشە خۆی لەنەهامەتی ئازارەکاندا دەبینێتەوە. خودی شاعیر، وەک گەڕیدەیەک، بەدوای هەلێکدا دەگەڕێت تابتوانێت ئاسوودە بێت. هیلاکییەکانی ڕۆژانەی ژیان یارمەتدەر نین و لەجیاتی ئاسوودەبوون باوەشی بەشتێکی تردا کردووە کە لەنەخشەی پێشوەختی ئەمدا نەبووە. ئەمە وێنەیەکی پێشبینی نەکراو بوو وەک ئەوەی خودی شاعیر بۆ شتێک هات و تووشی شتێکی جیاوازی تر هات. بەمەش وێنەکە لەخراپێکی واقیعەوە بەرەو خراپتر ڕۆشت کە وەهم وخەیاڵە. دەستەواژەکانی:

من چەشنی دەنکە زیخێکی شین... شین

ڕۆژگار خستوومیە بەردەم شەپۆلان

کزەی زستان دێ و خۆیم لێدەسوێ

بە کامی دڵی ئاسمان و زەمین

دڵم دەلەرزێ و

گیانم نیگەران

ڕەخنەگران دەڵێن شیعر لەبنەڕەتدا بریتییە لەپێکهاتەیەکی وێنەیی (مجدی وهبە:120) بەتایبەتی لەو بابەتانەی کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەمەسەلە هەستی و هزرییەکانەوە وەک (ڕەنگ و شێوە و جووڵە و جێگە و زەمەن و ڕووناکی). ئەمەش هۆکارە بۆ گواستنەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی سروشتی واقیع بۆ وێنە ناسروشتییەکان کەخەیاڵ ڕۆڵێکی کاریگەری تێدا دەبینێت (استن وارینرینیەیلک:239). بەمانایەکی تر، وێنە هەستییەکان لەڕێگەی دوو جەمسەری سەرەکییەوە لەدایک دەبن، یەکەمیان، واقیع و دووهەمیان، خەیاڵ. کارنامەی وێنەی شیعریش خۆی لە دوو ڕەهەندی گشتگیریدا دەبینێتەوە:

١/ وێنەگرتنی ئەزموونی شاعیر کە لەلایەکەوە دەبێتە نامە و گوتاری دەق. لەلایەکی تریشەوە دەبێتە گەیەندەر.

٢/ بایەخدان بەوەرگر تابتوانێت سوودی تەواو لەئەزموون و ناوەڕۆکە نامەییەکەی خاوەن دەق ببینێت یان گەورەتریان بکات بەهۆی فرە خوێندنەوەییەوە.

وێنە جوڵاوەکان لەم دەقەی داستان بەرزان، کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەناوەڕۆکی ناونیشانەوە هەیە. واتە ئەمە تەنها خودی شاعیر نییە کەناڕەحەت و سەرلێشێواوە وەک لێرەدا دەڵێ:

**من دڵۆپێک فرمێسکی ڕەش... ڕەشم**

**لە پاش کۆچی سووری یاران**

**بەردەبمەوە بۆ ناو فەزا**

**چەند بگەڕێن و**

**بپرسن**

**کە ڕۆیشتم بە دیدارم ناگەنەوە**

**چەند بپرسن و**

**بگەڕێن**

**کە بزربووم نامدۆزنەوە.**

لێرەوە وێنە ڕەشبینییەکان دەبنە چەقی دەقەکە. ئەمە وێنە و دیاردەیەکی کتوپڕی نییە و پێشتریش لای شاعیران بوونی هەبووە بەنموونەی گۆران و دیلان و شێرکۆ بێکەس، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەها




دەربڕینەکان خۆیان لەوێنەکاندا دەبیننەوە.

دووهەم/ پێکهاتەی دیدەییە ستاتیکەکان. گەر وێنە دیدەییە جوولەییەکان هۆکارێک بن بۆ گێڕانەوەی ڕووداوی دەقەکان لەڕووی سیاقەوە ئەوا وێنە دیدەییە ستاتیکەکان بوارێکی شیکاری لەبەردەم خوێنەردا دەکاتەوە و لەوێشەوە خوێنەر قایل نابێت بەشیکارییە سیاقییەکانی زەمەنەوە. داستان بەرزان یەکێکە لەو شاعیرانەی کەبارە سایکۆلۆژییەکان مەودایەکی فراوانیان لەسەری دروست کردووە. هۆکاری ئەمەش، بەپێی گریمانەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردنی ناخی تاکەکان لەڕێگەی چەکوشە کوشندەکانی کردارە سیاسییەکان کەهەمیشە لەناخی شاعیردا مەملەکەتێکی بەندکراویان داگیرکردووە. ئەوەتا لەدەقی "دۆزەخ"دا هاوارێکی ئازاراویی و کپکراوی لێ بەرز دەبێتەوە لەکاتێکدا دەڵێت:

**گاهێ کەنار ڕامدەکێشێ/ گاهێ دەریا**

**لە نێوانی ئەو دووانەدا**

**هەر بە گەنجی پیردەبم و**

**باهۆز ناوم هەڵدەلوشێ**

**جەستەم دەبێتە ئاگر و**

**زۆر بڕناکەم دەکوژێمەوە**

**دەبمە ئاوازێکی هێند دێرین**

**لەسەر زاریش نامێنمەوە**

**پەرتوکێکی کەنارگیرم**

**لێم ناپرسن**

**لێم ناگەڕێن**

**چیتر کەستان نامخوێننەوە.**

**وەکو بەهار**

**وەک سنەوبەر**

**وەکو شەهیدانی سەنگەر**

**وەکو ئەوەی گۆڕم نەبێ**

**وەکو ئەوەی بۆنم نەبێ**

**دەنگم/ ڕەنگم لێکەوتبێ.**

# چەند کورتە شیعرێکی :خالید بایە زیدی(دلێر)



**١-**

**تۆ بڵێی**

**لورەی ئەم بایە**

**جاری مەرگی کێ ئەدات**

**٢-**

**دوای تۆ**

**مەرگ**

**چەند کراسێکی جوانە**

**لەبەرما**

**٣-**

**وەکوو فەرهاد**

**دەبێ تاڵی**

**بە تاڵ بچێژین و**

**شیرین**

**بە شیرین**

**٤-**

**ئەی قەلەرەشەکانی**

**منارەکان**

**هیچ پێویست ناکات**

**فاتیحەم بۆ بخوێنن**

**من هەر لە دایک بوونمەوە**

**فاتیحەی خۆم**

**خوێندووە**

**٥-**

**چ نزیکیەکت**

**لەگەڵ هاوین هەیە**

**کە ئاوا گەرمای**

**بەسۆزی ئەوینت**

**گیان دەسووتێنێ**

**٦-**

**جیهان!**

**گەیشتۆتە**

**قەڵبالغی تەنیایی**

**هەشت ملیاردی**

**٧-**

**شەرێکی گەرم و**

**دەستە و یەخەیە**

**بەینی من و شەقام**

**کاتێک کە عەترت**

**خەرامان خەرامان**

**پیاسە دەکا**

**٨-**

**کاتێ کە باوکم**

**کۆچی کرد**

**دایکم**

**بەرزترین کێوی**

**پێ نیشاندام**

**وە کێویش...**

**بەرزە فرترین هەڵو**

**٩-**

**بێ چارە هەژاری**

**هیچ کەس**

**لەسەر سفرەکەی**

**دانانیشت....**

**وە هەر هەموو خەمەکانی**

**تەنیا خۆی دەیخوات**

**١٠-**

**دەمامکی مەرگ**

**لەسەر دەم و چاوی ژیانمانە**

**هەڵفرین**

**هیوایەتی**

**هەموو ڕۆژ و شەوانمانە**

***********

# لە نیشتیمانی مندا...

## نووسینی: فؤاد أحمد عايش

## ئامادەکردنی: حەسەن ڕازانی



تێبینی: بۆ ئەوەی بتوانم بیخەمە سەر کێش و قافیەی کوردی تۆزێک دەسکاریم تێداکردووە، لە هەندێک شوێن کەمێکی یان لێ زیادکراوە یان لێی لابراوە، بەڵام نەم هێشتووە ناوەڕۆک و ماناو مەبەستەکەی تێک بچێت. (ح.ڕ)

**لە نیشتیمانی مندا .......**

**پیاو لەبەردەم منداڵەکانی شەرم دەکا**

**لەگەڵ ژنی خۆی دەستەملانێ بکا**

**بەڵام لەبەرچاوی ئەوان باکی نییە**

**کە هەستێ و تێرتێر تێڵا تڕێنی بکا**

*****

**لە نیشتیمانی مندا......**

**ژن ناتوانێت لای مێردەکەی،**

**نهێنییەک بڵێت دەربارەی ماڵێ باوانی**

**چونکە دەزانێت ...**

**کە ڕۆژێک دێت دەیداتەوە بە چاوانی**

*****

**لە نیشتیمانی مندا.....**

**کە بمانەوێ خۆشەویستیی بکەین شەرم دەکەین**

**بەڵام بێ سێ و دووش، ڕق و کینە بەرپا دەکەین**

**زانابیە لە لامان فێڵ و تەڵەو ساختەکاریی**

**ڕاستگۆیی هیچە لامان و گرنگیشە بێباریی**

*****

**لە نیشتیمانی مندا......**

**کتێب لەسەر شەقامەکانەو تێکەڵ بە بۆنی ترومبێل و**

**تۆزوخۆڵ داپۆشیوون!**

**هەر لەوێشدا دەفرۆشرێن و زۆریشیان داتەپیوون!**

**بەڵام هەر لەو نیشتیمانەدا..**

**تەماشاکە.... کەوش و پێڵاو**

**شوێنیان پاک وهەوای سازگار**

**جامخانەی ڕوون و داخراو**

**دەرگایان لەسەر دادەخرێن**

**تۆزو خۆڵ قەت نایان گاتێ و**

**هەر لەوێشدا دەفرۆشرێن!**

**بێکەس کتێبەو کەوشیش بە ڕمێن**

جا بۆیە هەقە بڵێین: سڵاو لە نەتەوەی : اقرأ باسم ربك الذي خلق(بخوێنە وە ناو پەروەندەت کە زیندەوەر کاری ئەوە)

*****

لە نیشتیمانی مندا......

پیاو بە بەردەوامی شەش شتی لە بیرە!

یەکەم: الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ.( پیاوان بە سەر ژناندا دەسەڵاتیان هەس)

دووەم: فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ (مارە بکەن ،دوان بن یان سیان بن پێکەوە یا چواریش بن هەر ڕەوایە!)

سێیەم: إِنَّهُ مِنْ كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ ( ئەمە لە هەندێک فێڵی ئێوەیە، فێڵی ئێوەش زۆر گەورەیە)

چوارەم: يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ( خودا پێو ڕادەگەێنێ کە لە سەروەت وسامانتان با بۆ نێرینە دووبەش و بۆ مێیینەش نیوەی بەشی نێرینەکە بێت)

پێنجەم: النساء ناقصات عقل ودين( ژنان کەم عەقڵ و کەم دینن)

لە نیشتیمانی مندا ..........

پیاوهەمیشە شەش شتی لەبیر نامێنێت:

یەکەم: خيركم خيركم لاهله و أنا خيركم لأهلي..(باشترین کەس لە ئێوە باشترینتانە بۆ خێزانی خۆی و منیش باشترینتانم بۆ خێزانی خۆم)

دووەم: رفقاً بالقوارير( قەواریر دەفرێکی شووشەیە کە شلەمەنی تێدا دەپارێزرێت. ماناکەی: ئەی پیاو بزانە ئەگەر شووشەکە ڕووشا یان درزی برد بریقەی خۆی لەدەست دەدات و ئەگەریش بکەوێت دەشکێت و ئیتر قەت ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوەیەی کە هەبووە. واتە بە نەرم و نیانی مامەڵە لەگەڵ خێزانی خۆت بکەو مەهێڵە برووشێت..).

سێیەم: استوصوا بالنساء خيرا ( چاکە لە گەڵ ژنان بکەن و نەکەن ستەم و زوڵمیان لیبکەن)

چوارەم: ما أكرمهن إلا كريم ، وما أهانهن إلا لئيم ( تەنها کەسێکی خاوەن حوڕمەت و بەرزو بەڕێز، حوڕمەت وڕێز لە ژن دەگرێت و کەسێکیش ئەگەر خۆی سوک و بێ حوڕمەت **و هیچ نەبێت سوکایەتی و بێڕێزی بە ژن ناکات)**

**پێنجەم: وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ..( هەرگیز ناتوانن دادپەروەربن لە نێوانی ژنەکانتاندا هەرچەندە هەوڵیش بدەن و سووربن لەسەر ئەوەی کەدەتوانن دادپەروەربن)..(بۆیە بە بڕوای من نەک هەر سێ ژنەو چوار ژنە بەڵک و دوانیش بڤەیەو لێی دوورکەونەوە هههە ح.ڕ)**

**شەشەم: وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ..( بە تەرزێکی جوان و نەرم و ڕەوا دەگەڵ ژناندا بجوڵێنەوەو مامەڵەبکەن)**

**لە نیشتیمانی مندا.........**

**خۆشەویستیی ....حەرامە**

**جنێودان ..... حەڵاڵە**

**عادەت و خوو .... واجیبە**

**خودا پەرستیی ......جائیزە**

**ژن .....عەوڕەتە**

**پیاو...... دەسەڵاتە**

**دڵنیا لە خۆ..... مەغرورو لەخۆباییە**

**بەهرەو دانایی دەبێ بخرێتە چاڵەوە**

*****

**لە نیشتیمانی مندا ........**

**گوڵفرۆش شەهید دەکرێت**

**سەوزە فرۆش دەگیرێت**

**میوەفرۆش بریندار دەکرێت**

**لە نیشتیمانی مندا هەرچی فرۆشیارە بە ئامانج دەگیرێت،**

**تەنها نیشتیمانفرۆشی لێدەرچێت!**

**هەتا ئەو رۆژەش دەمرن دەرزییەک لە پێیان ڕاناچێت!**

**لەوپەڕی خۆشی و کەیف و سەفادان**

*****

**لە نیشتیمانی مندا ..................**

**ئەوکەسەی کە دەبێ بژی و شایەنی مردن نیە!**

**بە دەستی ئەوکەسە دەمرێت کە شایانی ژین نیە!**

*****

**لە نیشتیمانی من و لە هەندێک نیشتیمانی تریشدا ............**

**دەم و وگەدەی پاڵەوانەکان بە گولە پر دەکرێت**

**هی خائین و خۆفرۆشانیش لێواو لێو لە پارە دەکرێت!**

*****

## پاشکۆیەکی بچووك....دەربارەی ڕەیحانە جەباری ڕەیحانە مەلایری

ڕەیحانە جەباری مەلایری، کچێکی گەنجی ئێرانییە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا بە تاوانی کوشتنی ئەنقەستی مورتەزا عەبدولعەلی سەربەندی ٤٧ ساڵە دادگایی کرا و دادگاییەکەی دەنگۆیەکی گەورەی نایەوە، لە ٢٠١٤/١٠/٢٥ بەهۆی تاوانی کوشتنەکەیەوە لەسێدارەدرا، ڕەیحانە تاوانەکەی قبووڵکرد و دانی پێدانابوو کە بۆ پاراستنی خۆی و شەرەفی لە دەستدرێژی سێکسی ئەو کارەی کردووە.

ئیندیپێندەنت دەربارەی ڕیحانە دەڵێت:

دادوەر: بۆچی ئەو ئەفسەرەت کوشت؟ ڕیحانە: لە سەر شەڕەف وناموس. چونکە دەستدرێژی کردە سەرم

دادوەر: ئەمە پاساوێکی ڕەوا نییە! ڕیحانە: چونکە تۆ بێ شەڕەف و ناموسیت!

کاتێک ڕیحانە بەرەو پەتی سێدارەی دەبەن، شوعلەی دایکی ڕیحانە هاوار دەکاو دەڵێت:" ئیتر دادپەروەریی لە وڵاتی ئێمەدا کوێر نییە، بەڵکو هەزار چاوی هەیە، هەر چاوەش بە پێی هەوەس و ئارەزووی خۆی دەبینێت و هەموو ئەو هەوەس و ئارەزوانەش فاسیدو خراپن، چۆن بە هەوەس و ئارەزووی فاسیدو خراپ دادپەروەریی دەچەسپێ و دەتوانرێت بڕیار لەسەر چارەنووسەکان بدرێت"

ڕیحانە، پێش ئەوەی بیخنکێنن، ئامۆژگاری دایکی دەکات کە ماتەمینی بۆ نەگرێت و جلی ڕەشیش لەبەر نەکات و بە دایکیشی دەڵێت:

"دایکی خۆشەویستم بە نهێنی ئەندامەکانی لەشم ببەخشە بەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی، چونکە نامەوێت لە ژێر خاکدا بڕزێن و کەس سوودیان لێ نەبینێت!" )ح.ڕ(

سەرچاوەکان

-1قورئانی پیرۆز: وەرگێڕانی مامۆستا هەژار موکریانی

https://zaniary.com/blog/-2

3 -h t t p s : / / www.independentarabia.com/node

4-Profuti.com

5-https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=787915



# دەستووری سکۆلار، دەستوری زۆرینە!!

## نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

بیانووی ئیسلامی سیاسی و حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان بۆ شەرعیەت دان بە دەستورێکی ئیسلامی یاخود بۆ دەستوورێک لەسەر بنەمای سەوابتە ئیسلامیەکان ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان زۆرینەی ئیسلامە!. بنەمای دەستور دەبێ لەسەر پێشکەووتوترین دەسکەوتە مرۆیەکان بێت وەکو بنەمایەک کە زۆرترین و باشترین مافەکانی مرۆڤی لە خۆ گرتبێت . پێشکەوتووترین مافەکانی مرۆڤ کە ئەمرۆ بە دەست هاتووە لە ئیسلامدا ڕەد دەکرێتەوە چەند بەڵگەیەک دەهێنینەوە: نەمانی سزای ئیعدام و دەست بڕین و نەکوشتنی هیچ کەس لەسەر بیرو ڕای جیاوازو عەقیدەی جیاوازو نەمانی شەلاق وکوشتن و بەردبارانی ژنان لەسەر ناموس و نەمانی لێدانی ژنان و نەمانی فرە ژنی ونەمانی مەرجی مارەیی و ژن مافی هەڵبژاردن ومافی تەڵاق و مافی شایەتی و مافی میراتی وەک پیاو دەبێت لە ئیسلامدا نایبێ. مافی هاووڵاتی بوون لە ئیسلامدا نییە خەڵکەکان جیا دەکرێنەوە لەسەر بنەمای کافرو ئیسلام هەرکەس ئیسلامە مافی زیاتری دەبێت تەنانەت لە ئیسلامدا مافی کوشتن حەلال دەکات بۆ ئەو کەسەی ئیسلامی قبوڵ نییە. لە دەستورە پێشکەوتوەکاندا لاوان مافی لاوێتیان هەیە لە ئیسلامدا ئەو مافە نییە مافی خۆشەویستی و هاوسەرگیر ی بێ مەرج و مافی وەرزش و مەلەوانی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا مافی هاورێیەتی کردنی هەردوو رەگەزی نێرو مێ لەگەڵ یەکتر، مافی گوێ گرتن لە مۆزیک و گۆرانی و دانس وهەڵپەڕکێ بۆ هەردوو رەگەز پێکەوە لە ئیسلامدا حەرام کراوە. لە ئیسلامدا خەڵکی هەژار بێ بەش دەکرێن لە ژیان لە باشترین حالەتدا دەبێ خێر و سەدەقەیان پێ بکرێت نەک مانگانە لە داهاتی دەوڵەت مووچە یەکەیان هەبێ و لانی کەمی ژیانیان مسۆگەر بگات وەک سۆشیال و بیمە ی بێکاری و بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی. بە گشتی دەستور لەسەر بنەمای سەوابتە ئیسلامیەکان کۆمەڵگەیەکی ناسالم و پر لە کێشە بەرهەم دێنێ. جا بزانین ڕاستە کۆمەڵگەی کوردستان زۆرینەی ئیسلامە وەک بیانووی ئیسلامیەکان و حیزبەکانی دەسەڵات بۆ دەستور دەیهێننەوە تا دەستور بکەنە دەستورێکی ئیسلامی. هەر بە پێی بنەماکانی ئیسلام هەرکەسێک شەریعەت جێ بەجێ نەکا ئیسلام نییە، هەرکەس بە پیێ حەلال و حەرامەکان نەجوڵایە وە ئیسلام نییە، هەرکەس بنەماکانی ئیسلام نەکاتە بنەمای ژیانی خۆی ئیسلام نییە. بەپێی ئەمانە بێت ڕێژەیەکی زۆر کەمی خەڵک ئیسلامە نەک زۆرینەی خەڵک ئەمە چۆن؟. زۆربەی خەڵک باوەڕی بە کوشتنی کەس نییە لەسەر ئەوەی مورتەدە دەبێ بکوژرێ، زۆربەی خەڵک باوەری بە دەست و قاچ بڕینی خەڵک نییە لەسەر ئەوەی دزییەکی کرد، زۆربەی خەڵک باوەری بە ئەنفال نییە کە وەک لە قورئاندا باس کراوە، زۆربەی خەڵک باوەری بەوە نییە ژن لەسەر ناموس بکوژرێ، زۆربەی خەڵک باوەڕی بە فرە ژنی نییە، ژنان حەزیان لە مەرجەکانی ئیسلام نییە بۆپیاو سالاری و توندتیژی بەرانبەریان بۆ مارە بڕین و تەڵاق و میرات وشایەتی دان، زۆربەی لاوان حەزیان لە ژیانێکی ئازادە حەزیان لەوەیە خۆشەویستی هەبێ لە نێوان کوڕو کچدا وە دووور لە مەرجەکانی ئیسلام ژیانی خۆیان بۆ خۆیان دیاری بکەن، منداڵان پێیان خۆش نییە توندوتیژیان لە بەرانبەردا بکرێ وەک ئەوەی ئیسلام فەرزی باوک سالاری کردووە بە سەریاندا، زۆربەی خەڵکی کوردستان گوێ لە موزیک و گۆرانی دەگرێ و هەڵپەرکێ ودانس دەکا لە سەیرانگاکان و شاییەکان وئاهەنگەکان کە ئەمانە لە ئیسلامدا حەرام کراون، زۆربەی خەڵک حەزی لە بینینی فیلم وئەلقە و زنجیرە بیانیەکانە کە لە ئیسلامدا سەیر کردنیان حەرام کراوە، زۆربەی خەڵک حەزی لە ئازادی جل و بەرگ پۆشینە کە لە ئیسلامدا تەنها حیجاب و نیقاب بە حەلال دەزانێ، ژن و پیاو حەز دەکەن پێکەوە سەردانی یانەی وەرزشی و مەلەوانگەکان و یا سەردانی ریستوران وباڕەکان بکەن کە ئەمانە حەرامن لە ئیسلامدا، ژنان حەز دەکەن سەردانی سالۆن بکەن کە لە ئیسلامدا حەرامە، بە کورتی زۆربەی خەڵکی کوردستان هەست بە ژیانێکی ئازاد و خۆش و مۆدیرن ناکەن لە ژێر سایەی جێ بە جێ کردنی سەوابتەکانی ئیسلامدا یا لە ژێر سایە ی دەستورو یاسا ئیسلامیەکاندا. وە ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئیسلام زۆرینە نییە، بەڵکو کەمینەیە . چەند بەڵگەی تر بۆ کەمینە بوونی ئیسلام ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان هەرچەند بە داگیر کراوی خراوەتە ژێر ڕکێفی ئیسلامەوە وەبە ئەنفال کردنەوە و ئیسلامی بە سەردا فەرز کراوە ئەمە وەک مێژوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمرۆ زۆرن ئەو خەڵکانەی تەسلیم بە ئیسلام نەبوون و ئاینی تریان هەیە وەک ئێزیدی ومەسیحی وکاکەیی، کەم نین ئەو کەسانەی باوەڕیان بە چە پ و ئاتەئیست و لیبرالیەت هەیە . بەڵگەی ئەوەی کە چەندە ڕێژەی خەڵک ناونوس کراوە بە موسڵمان و یا چەندە خەڵک نوێژ دەکاو بە ڕۆژوو دەبێ و سەردانی مزگەوت دەکەن ئەوەندەی ئەو بەڵگانە بەهێز نین کە خەڵک باوەریان بە بنەماکانی ئیسلام نییە بۆ بە دەستهێنانی ژیانێکی هاوچەرخ و مۆدێرن . ئەمانە هەموو ئەوەمان پێ دەڵێن کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئیسلام نین و دەستور و یاسایەک لە سەر ئەم بنەمایە لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی کوردستاندا نییە، چونکە مافی زۆربەی خەڵک پێشێل دەکا، بیانووی ڕەوتە کۆنەپەرستەکان بە ئیسلامی سیاسی و حیزبە قەومیەکانەوە کە دەڵێن زۆرینەی خەلکی کوردستان ئیسلامە بیانوویەکی پووچە و تەنها خۆیان سوود لەو دەستورە وەردەگرن کە لەسەر ئەم بنەمایە دای دەنێن، زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئیسلام نییە، بەڵام ئەم ڕەوتە کۆنەپەرستانە دەیانەوێ بە زۆر بیکەن بە زۆرینە لە ڕێگای داسەپاندنی یاساکانی شەریعەوە. دەستورێکی سکۆلارە کە جێگای هەمووانی تێدا دەبێتەوە بە یەکسانی مافی هەمووانی لە ژێر سایەیدا دەپارێزرێ، هەموو کەس ئازادە پەیرەوی لە هەر عەقیدە وبیروباوەرێ دەکا، وە دەتوانێ گۆرانکاری لە ژیانی کۆمەڵگەدا بکات بەپێی دەسکەوتە مرۆیەکانی سەردەم.

*****

> زۆربەی خەڵکی کوردستان هەست بە ژیانێکی ئازاد و خۆش و مۆدیرن ناکەن لە ژێر سایەی جێ بە جێ کردنی سەوابتەکانی ئیسلامدا یا لە ژێر سایە ی دەستورو یاسا ئیسلامیەکاندا. وە ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئیسلام زۆرینە نییە، بەڵکو کەمینەیە...

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارِەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارِەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne

## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی بیست و دووەم و کۆتایی

## ریفۆرم و شۆڕش

## خۆشگوزەرانی و بیمە کۆمەڵایەتییەکان

* دانی بیمەی بێکاری هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمی بە هەموو کەسانی بێکاری سەرووی ١٦ ساڵ.

* دانی بیمەی خانەنشینیی دەوڵەتی، هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمی، بە هەموو کەسانی سەروو تەمەنی ٥٥ ساڵی کە مووچەی خانەنشینیان نییە.

* هەموو منالّ و نەوجەوانێکی خوار تەمەنی ١٦ ساڵی، کە لە ڕێگەی خێزانەوە گوزەران و باشبژێوی بۆ دابین نابێت، بەخێوکردن و سەرپەرشتیکردنی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت.

* چاودێریی پزیشکی و خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکی خۆڕایی و شیاو و نزیکەدەست بۆ هەمووان. چاودێریی تەندروستی ڕێکوپێک و دابینکردنی هەمووجۆرەکانی کوتانی منالان. زامنکردنی بەهرەمەندبوونی هەموو منالان لە نیزامێکی خواردنی تێروتەسەل و شیاو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی داهاتی خێزان و ناوچە و شوێنی نیشتەجێبوون و...تاد.

*ڕیشەکێشکردنی ئەو نەخۆشیە درمی و تەشەنەکەرانەی کە لە پاکژنەبوونی ژینگەوە سەرچاوە دەگرن، چاودێریکردنی تەندروستیی هەموو هاووڵاتیان لەبەرامبەر نەخۆشیەکانی دڵ، شیرپەنجە باوەکان و ئەو نەخۆشیانەی کە زوو دەستنیشانکردنیان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئاکامەکانیان. پەرەپێدان و باشکردنی جددی ئاستی تەندروستی گشتی، زانیاری پزیشکی و تەندروستی گشتی. پەرەپێدان و ڕێکخستنی ئیمکاناتە پزیشکی و دەرمانیەکان بەشێوەیەک کە دەستڕاگەیشتنی دەستبەجێ بە پزیشک و داوودەرمان بۆ هەموو دانیشتووانی وڵات ئاسان بێت.

* خوێندنی گشتیی و ئیجباری و خۆڕایی تا تەمەنی ١٦ ساڵی. خوێندنی بالا (زانکۆیی، پسپۆڕیی) خۆڕایی و نزیکەدەست بۆ هەموو خوازیاران. دانی دەرماڵەی تێروتەسەل بە خوێندکاران. ڕیشەکێشکردنی نەخوێندەواری و بردنەسەری هەمیشەیی پلەی خوێندەواری و زانیاری زانستی و تەکنیکی دانیشتووانی وڵات. فێربوون مافی هەمووانە و دەستڕاگەیشتنی ئینسانەکان بە فێربوون و دەورە فێرکاریەکان نابێ بەهیچ جۆرێک ببەسترێتەوە بە ئاستی داهاتی خێزانەوە.

* دابینکردن و زامنکردنی خانوبەرەی گونجاو، لەڕووی فراوانی و تەندروستی و سەلامەتیی و خزمەتگوزاریی شارییەوە (کارەبا، ئاوی سارد و گەرم، چێشتخانە، گەرماو و دەستشۆری ناو خانووەکە، دەزگای فێنککردنەوە و گەرمکردنەوە، هەلی دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی تەلەفۆنی و تەلەفزیۆنی و ئینتەرنێت و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریە گشتیە لۆکاڵیەکان) بۆ هەمووان. کرێی خانوو نابێ لە ١٠%ی داهاتی تاک یان خێزان زیاتر بێت. ئەگەر کرێی خانوو لەو ڕێژەیە زیاتر بوو ئەوا دەبێ زیادەکەی لەڕێگەی کۆمەکی دەوڵەتەوە دابین بکرێت. بێخانەولانەیی وەیان ناچارکردنی ئینسانەکان بە ژیان لە سەرپەنای نەشیاوتر لە ستانداردە پەسەندکراوەکان، کارێکی نایاساییە و دەزگا دەوڵەتیەکان لەسەریانە دەستبەجێ سەرپەنای گونجاو بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین بکەن.

* پێکهێنانی دامەزراوە خزمەتگوزاریە تایبەتەکان لە گەڕەک و یەکەکانی نیشتەجێبووندا، وەکو دایەنگە، باخچەی ساوایان، چێشتخانە و مەڵبەندە گشتیەکانی خۆخزمەتکردن، جلشۆرگەی مۆدێرن و...تاد، بەمەبەستی سووککردنی باری کاری ناوماڵ و ئاسانکردنی بەشداریکردنی هەموو خەڵک لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا.

* فەراهەم کردنی ئاسانکاری وەرزشی و هونەری و کەلتووریی خۆڕایی (یاریگا، هۆڵو ستۆدیۆی نمایش و نواندن، کتێبخانە و...تاد) و تەرخانکردنی ڕاهێنەر و فێرکارانی پێویست لە ئاستی لۆکاڵیدا.

* دابینکردنی ئاسانکاری پێویست بۆ بەشداریکردنی چالاکانەی ئینسانە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و کەمئەندامان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. دەستەبەرکردنی ئاسانکاری و تەجهیزاتە تایبەتەکان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شوێنە گشتیەکان، گوزەرگاکان، یەکەکانی نیشتەجێبوونو□تاد. دابینکردن و لەئەستۆگرتنی خەرجی کەرەستەو ئامرازە تەکنیکی و یارمەتیدەرە پێویستەکان بۆ ئاسانکردنی ژیانی ڕۆژانەی کەسانی کەمئەندام.

* دابینکردنی ئاسانکاری و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیە تایبەتەکانی بەساڵاچووان و باشکردنی شێوەی ژیانیان. دابینکردنی ئیمکانات و ئاسانکاریی پێویست بۆ زامنکردنی بەشداری چالاکانە و داهێنەرانەی بەساڵاچووان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەکی بەردەوام.

* دابینکردنی تۆڕی پاس و میترۆی خۆڕایی بۆ هاتوچۆی ناو شارەکان.

* دابینکردنی هەموو خزمەتگوزاریە شاریەکان (کارەبا، ئاو، تەلەفۆن، ئینتەرنێت، مەڵبەندی فێرکردن و پزیشکی و کەلتووری و...شتی تر) لە هەموو ناوچە دێنشینەکاندا و نەهێشتنی جیاوازیی باشبژێویی لە نێوان شار و دێدا.

### پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان جەخت لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە دەکات وەکو بنەمای هەڵسوکەوتی دەوڵەت لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا:

١-هەڵوەشاندنەوەی دیبلۆماسیی نهێنی، سیاسەتی دەرەوە و هەڵسوکەوتە دبلۆماسیەکان دەبێ پەیڕەوی لە یاسا و بڕیارە پەسەندکراوەکانی ئۆرگانە یاسادانەرەکانی هەڵبژێردراوی خەڵک بکەن.




٢-هاوپشتیکردنی ماددی و مەعنەوی لەگەڵ بزووتنەوە کرێکاری و سۆسیالیستیەکان و هەموو ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەی کە لە وڵاتە جیاجیاکاندا لەپێناو وەدیهێنانی ماف و ئازادیی هاوشێوەی ئەو ماف و ئازادیانەی لەم بەرنامەیەدا هاتووە خەبات دەکەن. گوشاردانانی سیاسی و دبلۆماسی لەسەر هەموو ئەو ڕژێمانەی کە مافە فەردی و مەدەنیە سەرەتاییەکان لە هاووڵاتیانی خۆیان زەوت دەکەن.

٣-خەبات بۆ پێکهێنان و بەهێزکردنی ئەو دەزگا و ناوەندە نێودەوڵەتیانەی کە ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی وڵاتە جیاجیاکان نوێنەرایەتی دەکەن و بەدیهێنانی باشبژێویی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی ئازادیە مەدەنیەکان و دابینکردنی یەکسانیی خەڵکی جیهان لە کاروبارە جیاجیاکاندا دەکەنە ئامانجی خۆیان، خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامودەزگا و پەیمان و ناوەندە نێودەوڵەتیە ئیمپریالیستی و میلیتاریستی و ناکۆکەکان لەگەڵ یەکسانی و پیادەکردنی ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا.

٤-تەرخانکردنی هەمیشەیی بەشێک لە داهات و سامانە ئینسانی و تەکنیکی و پسپۆڕیەکانی وڵات بۆ کۆمەککردن بە باشکردنی ژیانی ئابووری و کەلتووریی خەڵک لە وڵات و ناوچە بێبەشەکانی جیهاندا.

٥-قەدەغەکردنی بەشداریکردنی وڵات لە پەیمانە دژی خەڵکی و پاوانخوازی و سەرکوتگەرانەکاندا.

**کرێکاران و خوێنەرانی خۆشەویستی بۆپێشەوە: بە ئاگاداریتان دەگەیەنن لە ژمارەکانی داهاتووی بۆپێشەوەدا، نوسراوەی "شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان" دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی ئاشکرا، بەچەند بەش بلاودەکەینەوە...**

# هیدایەت مەلا عەلی: هەردوو دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم هاوبەشی ئەم پرۆسیەن کە ژیان بۆ خەڵك ببێتە دۆزەخ و بۆخۆیان ببێتە فیردۆس...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ هیدایەت مەلا عەلی ، هەڵسوڕاوی چەپ و کۆمۆنیست، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان...



**بۆپێشەوە: تادێت گوشارەکانی بەغدا لە ڕێگای بڕیاری یەک بە دوای یەکدا بۆ سەر دەسەڵاتی هەرێم زیاد دەکات، هۆکاری زۆر بوونی گوشارەکان چییە؟**

**هیدایەت مەلا عەلی:** سەرەتا زۆر سوپاس بۆ هاوڕێیانی ( بۆپێشەوە ) بۆ ئەم فرسەتە، ئەگەر سەیرێکی تایبەتمەندییەکانی ئێستای سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵات بکەین زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەو دۆخە ببینین کە کۆنترۆڵ و سەنتراڵیزەکردنی قازانج و سەرمایەگوزاری یەکێک لە ئامانجە ستراتیژیەکانیەتی، بە تایبەت تر ئەم جۆرە لە کۆنترۆڵ و سەنتراڵیزمە لە وڵاتانی ( ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ) بەگشتی و ( عێراق و کوردستان ) بە تایبەتی هۆکاری چارەنوسسازی هەیە بۆ مسۆگەر کردنی سەرکوتکردن و پاسەوانی قازانجپەرستی کۆمپانیاکان و ڕاگرتنی ئاستی نزمی ژیانی چینە زەحمەتکێش و دەستەنگەکانی کۆمەڵگە.

> **لە کۆی گشتی ئەوەی دەگوزەرێت لە نێوان دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەرێمی کوردستاندا ئەوەی گوشاری دەکەوێتە سەر ولە نێوان بەرداشی ئەم دوو دەسەڵاتە چەتەیەدا خەڵکی مەحروم و زەحمەتکێش و توێژی ناوەندی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانە...**

بەبڕوای من گوشارەکانی (بەغدا) لەسەر دەسەڵاتدارانی هەرێم ئاکامی ململانێی دوو شێوازی جیاواز لە فۆرم و یەک ناوەڕۆکی هاوبەشی چینایەتی (بەغدا و دەسەڵاتدارانی هەرێمە) کە سەرەتاکەی لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی (بەعس) لە ساڵی ( ٢٠٠٣ ) وە دەست پێدەکات، ئەم دوو دەسەڵاتە نوێنەرایەتی بێ ئاکارترین و بێ مۆراڵترین لە هەموو جومگەکانی ژیان و ژیاری کۆمەڵگەی کوردستان و عێراق دەکەن، لە دوای ڕووخانی (بەعس) و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت و حکومەت و دامودەزگاکان لە ئاکامی داگیرکاری ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، عێراق و کوردستان و سەرجەم کۆمەڵگە لە نێو بەرداشی بنیاتنانەوەی ڕووخێنراوەکاندا ڕاگیرا، لە کاتێکدا ئەو پرۆسەیە هیچ نەبوو بێجگە پەردەیەکی ڕەش بۆ داپۆشین و فریودان و چەواشەکاری بەسەر ڕوودا و پێشهاتەکاندا.

لەدوای ڕوخانی (بەعس) دەیان ئۆرگان و دەزگا و کۆنگرە و ڕەشنووسی بێ ناوەڕۆک بۆ بەرژەوەندی خەڵک لەلایەن ئەمەریکا و هێزە ناسیۆنالیست و مەزهەبیەکانەوە وەک چوارچێوەی دەسەڵاتدارییەتی و قۆناغێکی ڕاگوزەر نمایش کرا، بەڵام واقیع ئەوەی دەرخست ئەوەی کە ڕوویدا لەو شانۆگەری و سیناریۆیە ڕەشە هیچ نەبوو بێجگە قەیرانێکی قوڵ و ئاسۆ لێڵی ستراتیژی ئەم پرۆسەیە، واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان لەژێر پەردەی قۆناغێکی تازەی ژیان شارایەوە و ناوەڕۆکی ئەو سیستەم و شێوازی دەسەڵاتداریەتییە سپێرا بە داهاتوویەک کە کێ دەتوانێت چارەنووسی کۆمەڵگە دیاری بکات و مۆری خۆی بدات لە نێوچەوانی شێوازی یەکلایەنەی هەموو ڕەهەندەکانی سیستەمی سیاسی و دەسەڵات لە عێراق و کوردستاندا، ئەو هەنگاوەشی کە دەتوانێت خاڵی ئەم وەرچەرخان و مسۆگەرکردنی ئایندەیە دیاری بکات تەنها بوونی (میلیشیای) چەکدار و بەهێزبوونە لەڕووی سەربازی و توانای سەرکووت و کوشتن و داگیرکارییەوە.

سەرەڕای بوونی ململانێ لەسەر سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی و دابەشکاری و بەرژەوەندی هاوبەش و پێچەوانەی مافیاکانی دەسەڵات لە (عیراق و کوردستان) کە لە شکڵی دەرەوەیدا گوشار و ڕوبەڕوبونەوەکانی وەرگرتوە، بەڵام من پێموایە ئەوەی دەگوزەرێت تەواوکردنی ئەو هەنگاوانەیە کە بەپێی پرنسیبی هاوسەنگی هێز خەریکە لە قۆناغێکەوە قەڵەمباز دەدات بۆ قۆناغێکی تر، ئێستاش بەڕوونی ئەوە دەبینین کە دەسەڵاتدارانی کوردستان ڕسواتر دەبن و دەسەڵاتدارانی ناوەندیش بەهۆی هەندێک فاکتەری ناوچەی و جیهانی و ناوخۆییەوە باڵادەستتر دەردەکەون و دەیانەوێت لەژێر ناوی هەندێک هۆکار و ڕێگاوە ئەم پرۆسەیە بە ئاکام بگەیەنن، لە گاڵتەجاڕی (ڕیفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک و ١٦ ئۆکتۆبەر )دا ڕاستیەکان و مشتەی ناو هەمانەکەی ئەم گوشار و ململانێیەی نێوان دوو دەسەڵاتی فاشی و نائینسانی (دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و عێراق) ڕوونتر دەرکەوت.

> **گوشارەکانی (بەغدا) لەسەر دەسەڵاتدارانی هەرێم ئاکامی ململانێی دوو شێوازی جیاواز لە فۆرم و یەك ناوەڕۆکی هاوبەشی چینایەتی (بەغدا و دەسەڵاتدارانی هەرێمە) کە سەرەتاکەی لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی (بەعس) لە ساڵی ( ٢٠٠٣ ) وە دەست پێدەکات، ئەم دوو دەسەڵاتە نوێنەرایەتی بێ ئاکارترین و بێ مۆراڵترین لە هەموو جومگەکانی ژیان و ژیاری کۆمەڵگەی کوردستان و عێراق دەکەن ...**

**بۆپێشەوە: ئایا گوشار و بڕیارەکانی بەغدا بۆ سەر هەرێم، سزادانی دەسەڵاتی هەرێمە وەکو هەندێک دەڵێن، یان بەشێکە لە سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی، بۆ قوتبی کردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند؟**

**هیدایەت مەلا عەلی:** لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا وەڵامی بەشێک لەم پرسیارەم ڕونکردۆتەوە، بەڵام هەندێک وردەکاری هەیە دەبێت زیاتر قسەی لەسەر بکرێت، ئەوەی لە عێراق و کوردستان دەگوزەرێت بەشێکە لە زەمینەسازی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی (سندوقی قەرزی نێودەوڵەتی و سندوقی بانکی)، گوشار و سزادان و ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغدا وەک کردەوە و ئەوەی لە سەرزەمینی واقیع دەبینرێت زیاتر هەژارکردن و هەرزان تر کردنی نرخی ئینسان و بەکاڵا و تایبەتیکردنی هەموو کایەکانی ژیان و خزمەتگوزارییەکانە، هەردوو دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم هاوبەشی ئەم پرۆسەیەن کە ژیان بۆ خەڵک ببێتە دۆزەخ و بۆخۆیان ببێتە فیردۆس، بەڵام لە شێوازی دابەشکاری و قازانج و بەش و سەربەخۆی ئالۆێل بە سامان و بازاڕ و کۆنترۆڵ کردندا دیدگای جیاوازیان هەیە، ئەم دیدگا جیاوازە بەریەکەوتنی جیاواز دەهێنێتە گۆڕێ و کێشمەکێش لە هەندێک ئاستدا بەرجەستە دەبێت.

لە کۆی گشتی ئەوەی دەگوزەرێت لە نێوان دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەرێمی کوردستاندا ئەوەی گوشاری دەکەوێتە سەر ولە نێوان بەرداشی ئەم دوو دەسەڵاتە چەتەیەدا خەڵکی مەحروم و زەحمەتکێش و توێژی ناوەندی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانە، هەمیشە دەسەڵاتەکان دەزانن چیان دەوێت و چی دەکەن بەداخەوە تاکو ئێستا ئەوە ئێمەین و بەشی فراوانی کۆمەڵگەیە بە شێوەیەکی مەلمووس و ئامانجدارانە بەفراوانی دەزانێت چی دەوێت و چی دەکەن، دەسەڵاتەکان هەمیشە لە ململانێکانیاندا بەهۆی ئەو بەرژەوەندییە چینایەتی و هاوبەشانەی کە هەیانە دەزانن کە گوشارەکانیان تاکو کوێی ئیسقانەکان دەبەن و نایەڵن پەیکەری ڕاوەستاوی سیستەمەکەیان لەبەر هەڕەشە و نارەزایەتی و ڕووخان بکەوێتە ژێر نارەزایەتی جەماوەر و تێکۆشانیانەوە، ئەم دەسەڵاتانە لە شەڕدا خوێنی خەڵک دەڕژن و لە ئاشتیدا خوێنیان دەمژن.

**بۆپێشەوە: سەرانی حیزبەکانی دەسەڵات بەشێکی زۆری نوسەران هۆکاری هەڕەشەی ناوەند بۆ سەر قەوارەی هەرێم دەگێڕنەوە بۆ لێکترازانی ناو ماڵی کورد! ئێوە هۆکاری گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم چۆن دەبینن؟**

**هیدایەت مەلا عەلی:** هەوڵدەدەم لە وەڵامی هەر پرسیارێکدا بەشێک لەو ڕاستیەی لە ڕوانگەی منەوە لە ململانێکاندا دیزەبەدەرخوونە دەکرێت و بەچەندین بۆیاخ و سواغکاری جۆرا و جۆر ناوەڕۆکەکەی دەگۆڕێت شیبکەمەوە، (یەکڕیزی و لێکترازانی ماڵی کورد) بەهانە و دەستەواژەیەکی فریوکارانە و ناڕاستە، لەپشت ئەم بەکارهێنانە چەندین هۆکاری جیهانی و ناوچەی و ناخۆیی خۆی لە کەمیندا مەڵاسداوە و سیرەی لە هوشیاری و بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگەدا گرتووە، دەسەڵات و نوسەران و ڕۆشنبیرانی سەر سفرەی سوڵتان کە زۆرینەیەکی مفتەخۆر و بازرگانانی وشە و ڕستەن، لەسەر بناغەی (بە دەغیلەبوون) ژیان دەگوزەرێنن و چەندین داهات بکەیتە گیرفانیانەوە ئەوەندە تواناکانیان بۆ فریوکاری بەکاردێنن، دەیانەوێت بڵێن کۆی گشتی کۆمەڵگەی کوردستان یەک چارەنووسی هەیە و هەموو یەک ماڵمان هەیە، پێکەوەبوونی ئەم ماڵە بەهێزمان دەکات و لێکترازانی لاواز و گۆشەگیرمان دەکات، ئەم هاوکێشەی (ماڵی کوردە) دەیەوێت ژیانی فیرعەون ئاسای دەسەڵاتداران لە کۆشک و تەلار و کێڵگەی ئەسپ و مۆدیلی بەرزی ئۆتۆمبیل و خاوەنی زانکۆ و هێزی چەکدار و ڕێکخراوی بودجە کراوە و گەشت و سەیران و بەکارهێنانی فڕۆکە وەک تاکسی و خلیسکێنەی سەربەفر و گەشتی وڵاتان

و دزینی ملیارەها دۆلار یەکسان بکەن بە ژیانی ئاست نزمی چینە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگە، وەک پیشەی هەمیشەیان دەیانەوێت بڵێن: ئێمە هەموومان لە کەشتیەکداین ئەگەر ژێر ئاو بکەوێت ئەوا هەموومان دەخنکێنین، یان دەڵێن هەموومان لە دەفرێکداین و چارەنووسمان هاوبەشە، لە کاتیکدا ئاسان دەردەکەوێت یەکسانی و هاوچارەنوسی تەنها ئەوەندەیە سەروەت و سامان و داهات بۆ ئەوان و نەبوونی و سەرهەڵگرتن و بێکاری و سەدان کیشەی کۆمەڵایەتی بۆ بەشێکی فراوانی هاوڵاتیان، لەیەک ڕستەدا هۆکاری گوشارەکانی بەغدا بۆ سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەسوتەمەنی کردنی خەڵکی کوردستان، دەگێڕمەوە بۆ پەروباڵکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و هەندێک لە هۆکارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵاتیەکانی لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتردا ڕونکردۆتەوە.

**ئەوەی دەگوزەرێت تەواوکردنی ئەو هەنگاوانەیە کە بەپێی پرنسیبی هاوسەنگی هێز خەریکە لە قۆناغێکەوە قەڵەمباز دەدات بۆ قۆناغێکی تر، ئێستاش بەڕوونی ئەوە دەبینین کە دەسەڵاتدارانی کوردستان ڕسواتر دەبن و دەسەڵاتدارانی ناوەندیش بەهۆی هەندێك فاکتەری ناوچەی و جیهانی و ناوخۆییەوە باڵادەستر دەردەکەون...**

**بۆپێشەوە: ئایا بڕیارەکانی ناوەند و دادگای فیدراڵی پێچەوانەی دەستورن، ئەگەر دژی دەستورن بۆچی پارتی و یەکێتی ... قبوڵی دەکەن و بە کردەوە دانی پیدادەنێن ؟**

**هیدایەت مەلا عەلی:** ڕاستیەکەی نازانم ئەم وەڵامە چەندە واقیعی و عەقڵگیرە بەڵام تێگەشتن و بۆچونێکە بەتەواوی هوشیاریمەوە بڕوام پێیەتی، لە عێراق شتێک نییە ناوی دادگای فیدراڵی و دەستور بێت!!، یان شتێک ناوی ئەوە بێت کە پارتی و یەکێتی بڕیارێک قبوڵ دەکەن یان دان بەبڕیاری دادگای فیدراڵی و دەستوردا دەنێن، ئەوەی دەگوزەرێت و سایە و سێبەری کێشاوە بەسەر ڕوودا و پێشهاتەکاندا قۆناغ بە قۆناغ هاوسەنگی هێزە نەک یاسا و دەستور و ڕێکەوتن، بەبڕوای من عێراق بە کوردستانیشەوە ئەو قۆناغەی تێپەڕاند بە چەواشەکاری باسی دەستور و دادگا و دیموکراسی و هاوبەشی و پێکەوە ژیان بکرێت، ئەوەی ناوی دادگاو دەستور و یاسایە لە عیراق و کوردستان تەنها چوارچێوەیەکی بۆشە سەرەتای ڕەهەندەکەی تێپەڕاندوە و ئێستا لە پەراویزی نیشانەکانی کۆتاییدایە، ئێستا دەستور و دادگای فیدراڵی و یاسا ئەو سندوقە ڕەشەیە کە هەر هێز و لایەنێک بتوانێت سێبەری دەسەڵاتی چەکدارانەی خۆی بسەپێنێت دەتوانێت جۆرێک دەستور بچەسپێنیت و دادگا بەکار بهێنیت وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت و بەرژەوەندی و پێگەی ئابوری و سیاسی دەپارێزێت.

بوونی میلیشیای چەکداری جۆرا و جۆر و حەشدی شەعبی و چەکدارەکانی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و پەلاماردانی

پەرلەمانی عیراق و ناوچەی سەوز و پەیوەندی بە دەزگا هەواڵگریەکانی دەوڵەتان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و گەندەڵی و یاریکردن بە چارەنوسی خەڵک و دزی نەوت و گاز و گوێزانەوەی ملیارەها دۆلار بۆ بانکەکانی دەرەوە لە کوێی دادگا و دەستوردا جێگای دەبێتەوە، ئەوەی کە (یەکێتی و پارتی) قبوڵی دەکەن و قومارەکە بەدیوی لاری ئەواندا خەریکە شۆڕ دەبێتەوە، ئاڵوگۆڕی هاوسەنگی هێزە لە نێوان دەسەڵاتدارانی بەغداد و هەرێمدا نەک ملدان بەیاسا و ڕێسایەک بەپێی پێوەرە دەستوری و دادگاییەکان.

ئێمە هەموومان ئاگاداری ئەو مەهزەلەیەین کە لە دادگاکانی کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی لە ژێر هەژموونی چەکداری پارتیدا دەگوزەرێت، بە تایبەت لە دۆسییەی ڕۆژنامەنووسان و چالاکەکانی بادینان و سزادانی (شێروان شێروانی) زیندانیکردنی بە ٤ ساڵ، ئەگەر ئەمە دۆخی دادگای کوردستانی سێبەری ڕەشی حیزبەکانی کوردایەتی بێت، ئیتر قبوڵ کردن و نەکردنی بڕیارەکانی دادگا و بە پێوەرکردنی دەستور چ مانایەکی هەیە.

بەبڕوای من (ئەنجومەنی حوکم و دادگا و دەستور و فیدراڵیەت و هاوبەشی) فێڵێکی هاوبەش و دەست لەناو دەستی هەموو حیزب و لایەنەکانی پێکهێنەری سیستەمی دوای ڕووخانی (بەعس) بوو بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستان و عێراق بوو بۆ دەستنەبردن و بەلاڕێدا بردنی بەدیلی شۆڕشگێڕانە و ئایندەیەک لە بەرژەوەندی خۆیان، هەموو ئەو حیزب و لایەن و

کەسایەتیانەی لەم پرۆسەیەدا بەشداربوون تاوانبارن بە مافی خەڵکی عیراق و کوردستان، ئێستا ڕاستی گەمە و چەواشەکاریەکە هاتۆتەوە بەردەم دەرگاکانی خۆیان و نەشئەی پێش ئەم قۆناغە خەریکە وەک سەراب تەنها بریسکەکەی دەمێنیتەوە.

**ئەوەی لە عێراق و کوردستان دەگوزەرێت بەشێکە لە زەمینەسازی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی (سندوقی قەرزی نێودەوڵەتی و سندوقی بانکی)، گوشار و سزادان و ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغدا وەك كردەوە و ئەوەی لە سەرزەمینی واقیع دەبینرێت زیاتر هەژارکردن و هەرزان تر کردنی نرخی ئینسان و بەکاڵا و تایبەتیکردنی هەموو کایەکانی ژیان و خزمەتگوزارییەکانە...**

**بۆپێشەوە: پارتی و یەکێتی لەژێر گوشاری نەتەوەیەکگرتوەکان و دوا بڕیاری بەغدادا لەسەر نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ، ناچارن دەست بۆ هەڵبژاردن ببەن، ئایا تا چەند پارتی و یەکێتی لە ئێستادا دەتوانن هەڵبژاردن بکەن؟**

**هیدایەت مەلا عەلی:** هەموو ئەو لایەن و

دەزگایانەی لە پرسیارەکەدا ناویان هاتووە، لەگەڵ چەندین دەزگا و ناوەند و دەوڵەتاندا هەموو تواناکانیان لە گەڕدابووە و لە گەڕدایە کە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کوردستان و سیستەمی دەسەڵاتداریەتەکەی وەک چوارچێوەیەکی گشتی لە ئێستادا بمێنیتەوە، سەرەڕای هەر ئاڵوگوڕێک لە هاوکێشەی هێز لەگەڵ ناوەند و جێگۆڕکیەک لە سەنگ و قورسایی حیزبەکان و ڕۆڵ و کاریگەری دەوڵەتانی ناوچەکە بە تایبەت (ئێران و تورکیا) لە کوردستاندا، بەڵام هەمیشە هەوڵدراوە بەرگێکی یاسایی و شەرعی وەک پۆشاکێک بکەن بەبەری ئەم قەوارەیەدا، ڕاگرتنی دۆخی سیاسی کوردستان بەم جۆرەی کە هەیە پەیوەستە بە هاوکێشەیەکی ناوچەی و جیهانیەوە کە دۆخە جیهانیەکەش لە بۆتەی دەڵەمەبوونێکدا سەر و خوار دەکات، بۆیە ئەنجامدانی هەڵبژاردن سەرەڕای بەریەکەوتنەکانی (یەکێتی و پارتی) لەسەر هەندێک بواردا لەژێر ناوی یاسای هەڵبژاردن و بازنەی هەڵبژاردن و سەرژمێری و چەندین بەهانە و بەندوبەستی تر کە بەرئەنجامی پەیوەست بوونی ئەم دوو حیزبەیە بە بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکەوە، هەوڵدەدەن هەڵبژاردن ئەنجام بدەن بۆ هێشتنەوەی ئەو کابووسەی ناوی پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگایە بەسەر سەری خەڵکەوە، هەمانکات بۆ وەرگرتنی پەنجەمۆری ئەگەر کەمێکیش لەخەڵکی خۆیان بێت بۆ پاساوی یاسایی و شەرعی بوونی دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانیەکەیان.

هەموو دەزانین هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێت، پەرلەمان هەبێت یان نەبێت، حکومەت کاربەڕێکەر بێت یان ئۆرگانی حیزبێک بێت یان بنکە فراوان بێت، هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە بۆ ژیانی خەڵک بوون و نەبوونی وەک یەک وایە، ئەم دۆخانەش هەمووی ئەزموون کراوە و شتێکی نامۆ ڕوینەداوە، چونکە لە بناغەدا ئەمانە هیچی وەک دەزگای وەڵامدەرەوە بەژیانی خەڵک و ماف و ئازادییەکان و ئیدارەی هاوڵاتیبوون نەبووە، ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە بیردۆزێکدا سەرئەنجامەکەی ساغ دەبێتەوە، هەرکات نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتان و

ناوەند و یەکێتی وپارتی هەستیان کرد کە هێزی خەڵک و جەماوەر دیدگا و هەنگاوەکانیان بۆ ئەڵتەرناتیف و چارەنووسێکی ترە، بۆ ئەوان پرۆسەی هەڵبژاردن و چەواشەکاری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ڕێگای سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە بۆیان دەبێتە تەنها ڕێگای چارەهەڵنەگر.

**بۆپێشەوە: بەشی هەرەزۆری سەرانی حیزبەکانی کوردستان نووسەرانیان لە پەیوەند بە سیاسەت و بڕیارەکانی بەغدا دەڵێن: کاربەدەستانی عێراق لە دەستور و فیدراڵیەت پەشیمان بوونەتەوە، ئێوە لەوبارەوە دەڵێن چی؟**

**هیدایەت مەلا عەلی:** بەبڕوای من شتێک لە ئارادا نەبووە بۆ پەشیمان بوونەوە، هەموو هێزەکانی پێکهێنەری پێکهێنانەوەی دەسەڵاتداریەتی عیراق و نوسەرانی دەستور و ڕاگەیەنەرانی شێوازی پەیوەندی نێوان کوردستان و ناوەند و تەنانەت ناوچەکانی تریش ئەم ڕاستیە دەزانن، هەر لە کاتێکدا باسی فیدراڵیەت وەک شێوازی پەیوەندی نێوان کوردستان و ناوەند و هەمانکات باسی مافی هەر ناوچەیەک و سەربەخۆی هەر پارێزگایەک دەهاتە بەرباس و خواست، لە هەر ناوچە و پارێزگایەک هەر هەوڵێک دەخرایە دەستوری کارەوە بە توندترین شێوە بەرپەرچ دەدرایەوە، لەکاتێکدا ئەم مافانە بەحیساب لە دەستوردا چەسپێنراوە، یەک بەرژەوەندی هاوبەشی ناوەکی حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هاوپەیمانەکانیان لە بەغدا لەژێر پاساوی دەرەکی و پەیامی فریوکاری فیدراڵیەت و دەستوردا هیچ نەبوو، بێجگە دابەشکردنی پارە و سامان و بەشی کاتی لەو پێشهاتە ناجێگیرە.

ئەوەی توانی تەنها لە ڕووکەشدا شێوازی پەیوەندی هەرێمی کوردستان و بەغدا وەک پەیوەندیەکی دڵخوازانەی هەردوولا بخرێتە بەرچاو هیچ نەبوو، بێجگە لە درۆیەکی گەورەی نێوان حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حیزبە شیعی و سونەکان و دەستەوتاقم و عەشیرەتەکان، ئەم هەوڵە چەواشەکاریەش هیچ نەبوو، بێجگە خاڵی کردنەوەی داخوازی و هیوایەک کە خەڵکی کوردستان هەیبوو بۆ خواستی جیابوونەوە، فیدراڵیەت ناولێنانێکی کاتی بوو بۆ قۆناغێکی ڕاگوزەر، فیدراڵیەت و دەستور و هەموو ئەو بەندوبەستە کاتیەی کە لەیەک هەڵپێکرا لەسەروبەندی دوای ڕووخانی (بەعس) هیچ نەبوو بێجگە هەوڵێک بۆ سەرپێخستنەوەی تاقمێک بۆ ئەوەی بتوانن وەک پۆلیس پارێزگاری و نوێنەرایەتی سەرمایەگوزاری

**دەسەڵات و نوسەران و ڕۆشنبیرانی سەر سفرەی سوڵتان کە زۆرینەیەکی مفتەخۆر و بازرگانانی وشە و ڕستەن، لەسەر بناغەی (بە دەغیلەبوون) ژیان دەگوزەرێنن و چەندین داهات بکەیتە گیرفانیانەوە ئەوەندە تواناکانیان بۆ فریوکاری بەکاردێنن...**

بکەن لە عیراق و کوردستاندا بەقازانجی کۆمپانیاکان و دەوڵەتە سەرمایەدار و زلهێزەکانی ئابوری جیهان، ئەوەی لە ڕوکەشدا فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی ناسێنراوە هەرچەند تاکو ئەم چرکەساتە بێجگە حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حیزبە ئیسلامیە هاوپەیمانەکانیان هیچ لایەنێکی تر فیدراڵیەت تەنانەت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشەوە باس ناکات، تەنها و تەنها هاوسەنگی هێز و ناجێگیری دۆخی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی عێراقی دوای ڕووخانی (بەعس) بوو نەک بەڵێن و ڕێکەوتن لەسەر شێوازی پەیوەندی نێوان نەتەوە و پێکهاتەکان لە عێراقدا.

**بۆپێشەوە: دوای بێنە و بەردەیەکی زۆری نێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی سەرئەنجام بودجەی عێراق پەسەند کرا، پرسیار ئەوەیە پەسەندکردنی بودجە دەتوانێت چ کاریگەرییەکی لەسەر باشترکردنی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی عێراق هەبێت؟ وە تاچەند لاتان وایە ئەم ڕێکەوتنامەیەدەتوانێت پایەدار بێت و بەدەردی ڕێکەوتنامەکانی تر ناچێت؟**

**هیدایەت مەلا عەلی:** ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت بەهەموو ڕەهەندەکانی ژیان و بودجە و یاسا و دادگا و دەزگاکانەوە، هەموویان پایکێجێکن لە تێکەڵەی دۆخی سیاسی و ململانێ و کارکردن لەسەر گۆڕینی هاوسەنگی و پێگەی نەیارە سیاسیەکانی یەکتری، هەر بۆیە لە عێراق کە باسی هەر دیاردەیەک یان پێداویستیەکی کۆمەڵایەتی دەکرێت وەک مافێکی هاوڵاتیان، لەلایەن هێز و لایەنە ناسیۆنالیستی و مەزهەبیەکانەوە کە نوێنەرایەتی چینی سەرمایەداری کۆمەڵگەی عێراق دەکەن، چەندین بێنەوبەردە دێتە ناو کایەکەوە و ژیان گوزەرانی خەڵکی مەحروم وەک دیلی جەنگ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت.

من کەسێکی شارەزا و تایبەتمەند نیم لەم بوارەدا، بەڵام وەک هاوڵاتیەک کە لە گۆشەنیگای واقیعی ژیانی خەڵک و ئەزموونەوە دەڕوانمە هەر هەنگاوێک و ڕێکەوتنێک و پەسەندکردنێک، ئەو ڕاستیە دەبینم کە بەهۆی ئەوەی لە کۆمەڵگەی عێراق و کوردستاندا ئینسان و باشتربوونی ژیانی هاوڵاتی چەقی ڕێکەوتنەکان نییە، هەر ساتەوەختێک نەک ڕێکەوتنامەو پەسەندکردنی بودجە، بەڵکو هەر چرکەیەک و کۆی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان لەبەردەم تاوان و شەڕ و هەڵوەشاندنەوەی تەواوی بناماکانی ئارامی و ئاسودەیدایە.

بەدڵنیایەوە لەهەر وڵاتێکدا کە ئینسان نرخی هەبێت و مافی هاوڵاتیبوون بەفەرمی ناسێنرابێت پەسەندکردنی بودجە دەبێت بەشێکی بچێتە خزمەتی تاکەکان لە هەموو بوارە خزمەتگوزارییەکاندا، ئێستاش لە عیراق کە باسی پەسەندکردنی بودجە دەکرێت بەپێی ئەمری واقیع و سەرەڕای هەر گەندەڵی و دزییەک بەشێک لەم بودجەیە دەبێتە مووچەی فەرمانبەران و بەشێک لە پرۆژە و توانای جوڵاندنی بازاڕی هەیە لە سنورێکی دیاریکراودا.

بەڵام کێشەی گەورە لە داهات و سەرچاوەی سامانی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان ئەوەیە کە، بودجەش وەک بەشێک لە پرۆسەی دزی و گەندەڵی داهاتێکی فەرمی لەلایەن دەسەڵاتەوە سەیر دەکرێت و لەداهاتێک کە بەرگێکی یاسایی بەبەردا کراوە بەجۆرێک بەکاردەهێنرێت و دابەش دەکرێت وەک تەمسیلی (پەینی کیمیای) لێهاتووە، لە تەمسیلی (پەینی کیمیایدا) کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا لە تەلەفزیۆنی (کەرکوک) پەخش دەکرا، جوتیارەکان (پەینی کیمیاییان) بۆ هاتبوو کە بڕیاربوو هەر یەکێکیان چەند فەردەیەکی بەر بکەوێت، بەڵام وردە وردە ئەوەندە دەستەودەستی کردبوو، تاکو گەشتە دەستی جوتیارەکان یەکی کەوچکێکی چێشتیان بەرکەوت و دواتر بەهۆی ئەوەی هیچیان پێ نییە (پەینە کیمیایەکەی) تێبکەن ئەوەشی وەریانگرتبوو لێیان وەرگرتنەوە و دابەشکەرانی (پەینەکە) بردیانەوە بۆ خۆیان.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە پرۆسەی پەسەندکردنی بودجە و بەش و داهاتی کوردستان، ئەو لێدوان و ڕسوایی و چەواشەکارییە کە بەرپرسانی دەسەڵات لە کوردستان بە حیزبی و حکومیەوە بە وەزیر و چەتەکانەوە دەیدەن بە گوێی خەڵکی کوردستاندا، کە چۆن دەیانەوێت ئاگری شەڕی نەتەوەی و مەزهەبی خۆش بکەن و خەڵوزەکەی بگەشێننەوە، وەزیری دارایی چەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: بۆ دابەشکردنی مووچە پرسیار لە وەزیری دارایی عێراق بکەن!!!! داهاتی جاران نەماوە و ناتوانین مووچە دابین بکەین!!! بەڵام هەر لەم کاتەدا کە ئەم تاوانبارانە دەیانەوێت سەرەتای جەنگێک بەڕێبخەن ملیارەها دۆلار لە دزینی سامانی خەڵک و داهاتی ناوخۆ دەکرێت بە قوڕگی پرۆژە و خەرجی چەتەکان و کوڕ و کچی بەرپرسەکان و نەوەی نەوەکانیان.

**بۆپێشەوە: بەشێکی زۆر لەسەرانی حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و تا دەگاتە نووسەران، باسی مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێم دەکەن و نایشارنەوە کە قەوارەی هەرێم لەسەر لێواری دارمانە .... ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟ هۆکاری بەرەو دارمان چوونی ئەوەی پێی دەڵێن قەوارەی هەرێم چییە؟**

**هیدایەت مەلا عەلی:** بەبڕوای من گەورەترین مەترسی بە شێوەیەکی کردەی و ئەوەی کە بینوومانە بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی دەسەڵاتداران و چەتەکانی بزووتنەوەی کوردایەتین بە هاوپەیمانەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیستەمی سیاسی ٣٢ ساڵەی ئەم قەوارەیە، هەر جۆرە بەشداریەک لە حکوومەت و پەرلەمان و ڕاگرتنی کۆڵەکەکانی ئەم سیستەمە گەندەڵ و تاوانبار و سەرکوتگەرە لەژێر هەر بیانوویەک و هاتووهاواری چاکسازیدا هیچ نەبووە، بێجگە لە فریوودانی خەڵک و بەش بردن لە داهات و سەرچاوەی ژیانی هاوڵاتیان بۆ بەکارهێنانی لە بەرژەوەندی کەسی و حیزبی و لە کۆتاییدا بازرگانیدا.

٣٢ ساڵە ئەم دەسەڵاتە فاشیە لە هەرێمی کوردستان هەرچی بنەماکانی ژیانێکی ئینسانی و ئیرادەی تاک و مەوداکانی ئازادییە وەک نەوەیەکی بەوەفای (بەعس) لەبەریەکیان هەڵوەشاندوە، شێوازی ژیان و مافی هاوڵاتیبوونیان بەجۆرێک پێناسە کردوە لەهیچ گۆشەو کەنارێکی ئەم جیهانەدا وێنەی نییە، مووچە کە سەرەتایترین مافی خەڵکە و بەرانبەر ئەرک و کارەکانی خۆیان وەریدەگرن بەجۆرێکیان لێ کردوە هیچ پرنسیبی و کەرامەتێکی تێدا نییە، من هەمیشە وتوومە گەورەترین کێشەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی (بێ کەرامەت و بێ ئاکار و بێ مۆڕاڵە).

**بۆپێشەوە: لە دۆخی ئێستادا کە ناوەند گوشارەکانی بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم توندکردۆتەوە، وە پارتی و یەکێتی بەکردەوە نەک وەڵام و کارتێکی کارسازیان لە دەستدا نییە، بەڵکو دەیانەوێت خۆیان بگونجێنن، ئەمەش ئاڵوگۆڕ بەسەر دۆخی سیاسی کوردستاندا دێنێت... کوردستان کە سێ دەیەیە بەکردەوە لە عێراق دابڕاوە دەکاتەوە بە بەشێک لە عێراق، ئەمە چ هەلومەرجێک ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان دەکاتەوە؟ وە ئایا چ ڕێگاچارەیەک گونجاوە بۆ دۆخی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی؟**

**هیدایەت مەلا عەلی:** گوشارەکانی ناوەند خەریکە شەربەتی نەشئەی پێش پەڕ و باڵکردن بە (یەکێتی و پارتی) دەخواتەوە، توندبوونەوەی گوشارەکان و ڕەهەندە مێژووییەکەیم لە دوای ڕووخانی (بەعس) لە بەشێک لە وەڵامی پرسیارەکانی تردا کەم تا زۆرێک داوەتەوە، (یەکێتی و پارتی) هەر لەسەرەتاوە دەیانزانی ڕێڕەوی ئەم ڕووداو پێشهاتانە بە ئەمڕۆ دەگات، هەر بۆیە هەرچی سەرخان و ژێرخانی ئابوری کوردستانە وەک فرسەتێکی هەڵکەوتوو هەمان کات سنوردار و تەمەن دیارکراو کاول کرد، زۆرێک لەداهاتی کوردستانیان دزی و کردیانە پرۆژە بەناوی کەسانی نزیکیان و بەشێکی خەیاڵیشیان بردە دەرەوەی کوردستان و لەم بارەوە کەمتەرخەمیان نەکردوە، ئەوەی کە ئەم دوو هێزە چەتە و بەڕاستی مافیایانە بەشێکی ئەوەی کاریان لەسەر ژێرخانی ئابوری کوردستان بەوجۆرەی کۆمەڵگە سوودمەندنەبێت بەشێکی ئەوە بووە کە دەیانزانی تەمەنی پەڕوباڵکردنیان و ئاهەنگ و دەست لەملانێی هاوپەیمانەکانیان لەژێر ناوی عێراقی تازەدا تاکو کوێیە.

ئەوەی کە دەگوزەرێت لە گوشار سەبارەت بە فرۆشتنی نەوت و داهاتی ناوخۆی و گومرگ و سنورەکان و گەڕاندنەوەی بۆ ناوەند، کۆتاییهێنان نییە بە دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت (یەکێتی و پارتی) لە ئێستا و لەم قۆناغ و هەلومەرجە ناجێگیر و شلەژاوەدا لە ئاستی جیهان و ناوچەکە و ناوخۆشدا، بەبڕوای من گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم تەنها ڕەهەندێکی ناوخۆی نییە، بەڵکو بەشێکیشە لە پێداویستی وڵاتان و کۆمپانیاکانی پەیوەست بەم دۆخەوە، لەمبارەوە ناوەند لە هەلومەرجێکی لەبارتردایە لە ئاستی دەسەڵاتداریەتی و شەرعیەتی نێودەوڵەتی و جەمسەرێکی بازرگانی و سەرمایەگوزاری لەگەڵ دەرەوەدا سەرەڕای هەندێک ڕێگری و دەرهاوێشتەی کێشەکانی ڕابووردوو.

لەداهاتویەکدا درەنگ یان زوو لە ڕێڕەوی ئەم پرۆسەی ناوی گوشاری ناوەندە بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، شێوازی دەسەڵاتداریەتی و بڕیار و تواناکانی (یەکێتی و پارتی) بەم جۆرەی ئێستا نامێنێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە بەمانای کۆتای پێهێنانی یەکجاری ئەم دوو حیزبە و هەڵکەندنیان لە تەواوی شانۆی سیاسی و دەسەڵاتداریەتیان، بەڵکو ئەم دوو حیزبە بە پێی توانا و سنوری قەڵەمڕەوی و سنورێک بۆیان دەکێشریت وەک (دوو میرنشین) بەپێی پێوانەی ئەم ڕۆژگارە دەمێننەوە و بەشێک لە داهاتی کوردستانیان پێ دەدەرێت بەرانبەر سەرکوت و فریودانی خەڵکی کوردستان بۆ مسۆگەرکردنی سەرمایەگوزاری و پاسەوانی کۆمپانیاکان و سەقامگیری سەرمایە لە عێراق و کوردستاندا و دەرهێنانی لەم دۆخە ناجێگیرەی ئێستای و کۆنترۆڵ کردن و بەناوەندکردنی بڕیارەکان.

گونجاوترین ڕێگاچارە بۆ دۆخی سیاسی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی بریتیە لە گەشەدان بە پرۆژە و ئەڵتەرناتیڤی کارە هەرەوەزییەکان کە بناغەیەکە بۆ زیندووکردنەوەی ئیرادە و بڕیاری سەربەخۆ و بەرهەمهێنانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی کە زێدەبایی دروست ناکات، توانای تاک لە نێو پرۆژە هەرەوەزییەکاندا مسۆگەری سیستەمێک دەکات لە خوارەوە بۆ هەمووان، لە هەموانەوە بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی ئینسانی و باشتر.

## درێژەی .... دوا وتە

هەر یەکن، لە کاتێکدا موسوڵمان بوون شتێک و ئیسلامی شتێکی ترە و ئەوە موسوڵمانەکانن لە وڵاتەکانی خۆیاندا بەدەستی ئیسلامیەکان و رەوتە ئیسلامیەکان یا دەوڵەتەکانیان، قەسابی دەکرێن.

بە مقەدەس کردنی هەر کتێبێک یان هەر دین و مەزهەب و هەر ئاڵا و رەمزو قەومێک یانی رەتکردنەوەی مقەدەساتی ئەوانی تر... کتێبی تر و مەزهەبی تر، ئاڵای تر و قەومی تر.. بەتایبەتی کە ویسترا ئەوانە گشتی بکرێن و خەڵکی ناچار بکرێن ئەو بە پیرۆزکردن و مقەدەسکردنە، قبوڵ بکەن یان ریگەی دژایەتی کردنی لێبگیرێت... کەسانێک مانگا دەپەرستن یانی خواردنی گۆشتی مانگا، سوکایەتییە بە مانگا پەرستەکان؟ لە دەورانێکی دیاریکراوی مێژوویدا بتەکان مقەدەس بوون و ئینسانەکان بتیان دەپەرست، شکاندنی بتەکان، کە لەسەر بێ ئیرادەیی ئینسان بیناکرابوو، ئایا بە سوکایەتی بە مقەدەساتی ئینسان نەبوو؟

بۆیە هیچ کتێب و رەمزو ئاڵاو قەوم و رابەر و .... مقەدەس نین و دەکرێت لای کەسانێک پیرۆز بن، بەڵام ئەوە ماف نادات بە هیچ کەسێک و لایەنێک کە ڕیگە لە رەتکردنەوە و رەخنەگرتن و تورڕدانی بە پاساوی بەرگری لە مقەدەساتدا، بگرێت. جیا لەوانە ئەوەش ڕۆشنە مقەدەس کرنی هەر دین و مەزهەب و کتێب و ئاڵاو کەسایەتییەک، بەرهەم و کارکردی رەوت و بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانە، پرسیار ئەوەیە بۆ ئینسان دەبێ ناچار بێت مل بدات بەو مقەدەساتانە؟ یان بۆ دەبێت ئاڵایەک، کتێبێک، کەسایەتییەک کە بەشیک لەخەڵک وەکو مقەدەس تەماشای دەکەن، بسەپێنرێتە سەر باقی خەڵکی تر و کۆمەڵگە؟ و رەتکردنەوەو رەخنەکردن و سوتاندن و تورڕدانی، وەکو سوکایەتی بە مقەدەسات وێنا بکرێت؟ ئەوەی کە مقەدەسە خودی ئینسانە بە جیا لەوەی هەڵگری چ دین و مەزهەب و قەوم و چ رەنگێکی هەیە، بەڵام بیروباوەری کەسەکان مقەدەس نییەو رەتکردنەوە و رەخنەلێگرتنی تابۆ نییە. ئەوەی دەڵێت باوەرم بە ئازادی بەیان و بیرورڕا هەیە، بەڵام بە پاساوی بەرگری لە مقەدەسات، دژایەتی گوزراشتی ئازادانەی ئینسان لە خۆی و لە باوەڕەکەی، دەکات... دەیەوێت ئازادی پارچە پارچە بکات... تیکەیەک لە ئازادی دەوێت تیکەیەکی قوفڵ دەکات... بەرگری لە بەشیک لە ئازادی دەکات و بەشێکیشی کڵوم دەدات... بەم شیوەیەش لەگەڵ خودی چەمکی ئازادییدا دەکەونە دژایەتییەوە.

لەو نێوەدا هەڵویستی بەشیک لە کۆمۆنیست و چەپەکان، کە دەکرێ پێیان بڵێین "چەپی موحتەرەم" جێگای هەڵوێستەیە... لە بەرامبەر بە سوتاندنی کتێبی "قورعاندا" کە خۆیان وەکو کتێبی خورافە پێناسەی دەکەن و بڕوایان بەوە نییە دونیا بە هەفتەیەک دروستکرابێت و وە دەزانن کەزەوی خڕەو دەتوانرێت مردن دوابخرێت و خەڵک بۆ چارەسەر پەنا بۆ نوشتە و سەردانی مەزار شێخ و مەلا... تاد ناکەن و روو لە دکتۆر و زانست دەکەن و دەکرێت خودی سروشت دەستکاری بکرێت و دەزانن لافاو و هەورە بروسکەو بومەلەرزە هۆکارەکەی چییە...تاد. کەچی ئەگەر کەسێک بە هەر پاساوێک یان بەهەر بەپاساوێکی تر قورعان بسوتنێت، بە پاساوی بەرگری لە هەستی موسوڵمانان، و سوکایەتی بە موقەدەستان نارەحەت و نیگەرانی بەیان دەکەن، سەیر ئەوەیە ئەم بەشە محتەرەمە کە وەکو ئیسلامیەکان کاسبکار بە دین و مەزهەبەوە نین، تەنانەت ئامادەنین جیاوازی خۆیانمان لەگەل ئیسلامیەکان بۆ بەیان بکەن بۆ دژی قورعان سوتاندنن؟ خۆ ئیسلامیەکان و رەوتە ئیسلامیەکان و دەوڵەتەکانیان پشتیان کە هوشیارانە بەرگری لە ئیسلام و خوارافەی ئیسلامی دەکەن وئەمەش ریشەی لە پێداویستی ئەمڕۆیی و لە نەزانینەوە نییە... پاساوەکانیان هەر ئەوەیە کە سوتاندنی قورعان هەستی موسڵمانان بریندار دەکات و قورعان کتێبێ مقەدەسە...تاد. ئەم چەپە محەتەرەمە بە کردەوە بۆچوون و پاساوەکانیان لە دژی قورعان سوتاندن دەچێتە خانەی هەمان بۆچوون و پاساوی ئیسلامیەکان و بەکردەوەش ئازادی بەیان و بیرورا ڕەت دەکەنەوە. بەرگری لە ئازادی بەیان و بیرورا بە چەندین ئەگەر و مەگەر و بەڵامەوە شەتەک دەدەن تا ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی و بیروڕا رادەربڕن، شەتەک بدەن یان لێ بقرتێنن و چەمکێکی دڵخوازانە بە ئازادی ببەخشن.

ئەم مامەڵەیە لەگەڵ پرسی قورعان سوتاندا ئەوەمان بۆ دەخاتە روو کە ئەم چەپە محتەرەمە قوربانی هەژموون و هاژو هوژی ئیسلامیەکانە... خۆ ئەگەر دەیان تەورات و ئینجیل بسوتینرێت، ئەم چەپە نارڕەحەت نابێت... تەنانەت ئەگەر ئەم قورعان سوتاندنە بە بێ دەنگی و بێ کاردانەوەی ئیسلامیەکان تێپەرێبایە دیسان ئەو چەپە نارڕەحەتیەکی نەدەبوو. بەڵام مادام کاردانەوەیەک هەیە، بەداخەوە ئەویش کەوتۆتە ژێر ئەو هەژموونەوەو بەشێکی زۆری پاساو و کاردانەوەی ئیسلامیەکانی قبوڵ کردووە.

هیشتا بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپایی لەگەڵ ئەوەدا خەریکن و ئیستا پێویستیان بەوەیە خۆیان لەگەڵ ئیسلام بگونجێنن و مەڵتی کەڵچەریزم بەدەستەوەبگرن و دەست لە مەدەنیەت و دەستکەوتەکانی مۆدرێرنە شل بکەن، کەچی هاوسەنگی هێز لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ڕێگرە لەوەی بە ئاسانی دەست ببەن بۆ گورڕینی دەستور و هێشتا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە سوتاندنی کتییب و قورعان و کارێکی یاسایی و ئاساییە. ئەم چەپە موحتەرەمەی ئیمە لە ئاستی تیگەیشتنی بۆرژوازی ئەو دەوڵەتانەشدا لە خوارترن و دیارە دەیانەوێت ئەو دیموکراسییە بۆرژوازییە دەستکاری بکرێت. بۆرژوازی سزای هەیە لەبەرامبەر بە هەڕەشەو لێدان و چاوسورکردنەوە، ئازاردان... بەڵام سوتاندنی هیچ کتێب و ئاڵاو رەمزێک کەس ئازار و بریندار ناکات و هەرەشەش بۆسەر جەستەی هیچ کەسێک نییە... ئیسلامیەکان و حکومەتەکانی پشتیان کە هەراو هۆریای دژی قورعان سوتاندنیان، وەڕیخستووە، بەکردەوە کێشەیان لەگەڵ لێدان و هەرەشەو چاوسورکردنەوە و ئازاردان و کوشتنی ئینسان بە پاساوی بەرگری لە قورعانی پڕ هەرەشەو بانگەوازی جیهاد و کافراندن و کوشتار و بێمافی و هەڵاواردن و دەستبڕین و سەنگسار و ئیغتیساب نییە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین، راستە سوتاندن و دڕاندن و رەتکردنەوە و رەخنەگرتن لە قورعان و تەورات و ئینجیل ئاڵا و رەمزە بە پیرۆزکراوەکان... کەسانێک و بەشیک لە خەڵک نارڕەحەت و نیگەران دەکەن و دەکەونە بەر ئازاری دەرونی، بەڵام ئەمە وەکو دەیان و هەزاران رووداو کارەساتی تری رۆژانەیتر دەبنە مایەی نارڕەحەتی و نیگەرانی بەشیک لە خەڵکی و بێ ئەوەی ئەوەی هیچ لەو راستییە کەم بکاتەوە کە ئازادی بەیان و رادەربڕین، مافێکی جیهان داگری ئینسانییەو نابێ لەت بکرێت و بەپاساوی جۆراو جۆر ڕیگەی لیبگیرێت... هەروەها خودی نارەزایەتی و گوزارشت کردن لە خواست و داوکارییەک یان ڕەتکردنەوەی بڕیار و سیاسەت و بیروباوەڕیک بە کۆمەڵ یان بەتاک... بۆ ستایش و رازی کردنی کەس نییە، بەڵکو بۆ نارڕەحەت کردن و تورڕەکردن و بەلەرزە خستن و ریسواکردنیەتی و چەندەش خەڵکێک یان دەسەڵاتێک بەوە نارڕەحەت و نیگەران بیت، واتە کاریگەریی بووەو ئەگەر خەڵک یان دەسەڵاتێک بە کردەوەیەک و نارەزایەتیەک و هیچ کاردانەوەیەک لەخۆی نیشان نەدات واتە کاریگەری نەبووە و وەکو پێویست جێگای خۆی نەگرتووە، "چەپی محتەرم" دەیەوێت هەر کەس بە تاک یان بەکۆ ئەگەر دەستی بۆ حەرامکراوێک برد و رەتی کردەوە نابێ کەس نارڕەحەت و نیگەران بکات.

**کۆتایی تەموزی ٢٠٢٣**

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net


هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

هاوژین رەشید، بنار مستەفا، وەستا جەلال، وریای رەسام، حەسەن رازانی، خالید بایەزیدی، جەمال نوری، کاوان قادر، هیدایەت مەلا عەلی، سەردار عەبدوڵا حەمە، ئاراس رەشید، توانا حەمە نوری، عەبدوڵا مەحمود،...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئاییندی سیاسی کوردستان"...

# بەرزو بەڕێزە یادی خەباتکارانەی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم... هاوڕێ ئەرسەلان مەولود " ئاراس"...



*** ئەرسەلان مەولود ناسراو بە( ئاراس)** لە دایکبووی شاری(کۆیە)یە. ساڵی ١٩٦٦ لەو شارە چاوی بەدنیای چەوسانەوە هەڵێناوە. هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لە کۆیە تەواو کردووە. پاشان لەساڵی ١٩٨٩ بەشی پێوەریار (مساحە)ی پەیمانگای بەغدا تەواو دەکات. ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی نەچوونی بۆ مەشقی جەیشی شەعبی لە پەیمانگا دەردەکرێت (فەسڵ). پاش دوو ساڵ بە لێبووردنی گشتی بۆ خوێندکارانی دەرکراو، دەگەڕێتەوە پەیمانگا و خوێندن تەواو دەکات. لە قەیرانی شەڕی یەکەمی کەنداو سەرباز دەبێت، بەڵام پێش دەستپێکردنی شەڕ وەک هەزاران سەربازی دیکە ڕیزەکانی سوپا بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات و لە هەولێر بە خۆحەشاردانەوە خۆی دەپارێزێت. لە کاتی دەسپێکردنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١بەهۆی تەجروبەی سەربازی بەشداری چالاکانەی دەبێت لە شەڕی ڕزگارکردنی هەولێر لە گەڕەکی خۆیان لە خانووەکانی کارگەی نەسیج. هەر لەو کاتەدا بە شورای کرێکاران و ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ئاشنایی پەیدا دەکات و دەبێتە یەکێک لە هەڵسوڕاوە بەرچاوەکانی ئەو بزووتنەوەیە. بەتایبەتی بەشی چاپەمەنی و سەربازی کە پسپۆری و شارەزایی هەبوو تێیدا.

پاشان لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی بەعس بۆ گرتنەوەی شاری هەولێر سەرپەرشتی هێزێکی چەکداری شوراکان دەکات لە گەڕەکی حی عەسکەری و کوران. پاش دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس دەگەڕێتەوە ناو شار و لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیست درێژە بە چالاکی سیاسی دەدات و بەشداری زوربەی نارەزایەتیەکانی جەماوەری هەولێر دەکات.


سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ١٧ی تەمووز ١٩٩١ بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری پلان بۆدارێژراوی لە پێشینە، شەپۆلی جەماوەر بەرەو بەردەرکی سەرا و بینای پارێزگای هەولێر شەپۆلی دەدا، بەشیعاری (هێزی داگیرکەر لە کوردستان بچێتە دەر)، لەگەڵ دەیان ئاڵای سور.

پاش ئەوەی ڕێگریەکانی بەرەی کوردستانی بە سەرپەرشتی (ڕێباز، بەرپرسی سەربازی ی.ن.ک لەهەولێر) شکستی هێنا. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی بەعس لەبەردەرکی سەرا ڕوویدا و جەماوەر لە ماوەیەکی کورتدا توانیان دەستبگرن بەسەر سەرا و سجنەکەیدا.

لەو خۆپیشاندانەدا هاوڕێ ئاراس لە بەشی پێشەوەی خۆپیشاندانە دەبێت و کە بەرەو سەرای هەولێر دەڕۆن و لەگەڵ دەسپێکردنی تەقە و شەڕ لەگەڵ زانای موهەندیس دەپێکرێن دەچنە کاروانی گیانبەختکردوان ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و خۆشگوزەرانی و سۆسیالیزم و دنیایەکی باشتر. دوای گیان لەدەستدانیان قارەمانانی کوردایەتی!! و چەکدارەکانی بەرە بەدیاری کراویش (ڕێباز) کە بەرپرسێکی(ی.ن.ک) بوو بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ تەرمی ئاراس دەست بەسەردەکەن بۆ ئەوەی شەپۆلی نارەزایەتیەکانی خەڵک کپ بکەنەوە.

شایانی باسە لە ٢٦ ساڵیادی هاوڕێ ئاراسدا، کاوان قادری هونەرمەند نەخشەی پەیکەری هاوڕێ ئاراسی کێشاوە.

بۆپێشەوە




# بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

دوا وتە

# قورعان سوتاندن و چەپی موحتەرەم!

## عەبدوڵا مەحمود

خەریکە سوتاندنی قورعان و تەورات و کتێبە دینی و مەزهەبیەکان، بەرەو هەڵکشان دەچێت، و لە حاڵەتەوە دەبێت بە دیاردە. سوتاندنی ئەم کتێبانەش لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپادا کارێکی ئاسایی و سروشتی و بەشێکە لە ئازادی رادەربڕین و خەڵکی ئەو وڵاتانەش شانازی بەو ئاستە لە ئازادی و ئازادی رادەربڕینەوە دەکەن. تەنەنات زوربەی خەڵکی تریش کە پەنابەرن لەو وڵاتانەو لە جێگای تری دنیاوە بەهۆکاری جۆراوجۆر لەو وڵاتە ئەوروپایانەدا نیشتەجێن، دوبارە شانازی بە ئازادی و ئازادییەکان و لە ناویاندا بە ئازادی بەیان و ڕادەربڕین دەکەن و پەسەنی دەکەن بە موسوڵمان و نا موسوڵمانەوە.

سوتاندن و فڕیدان و دڕاندنی قورعان، تەوارت و ئیجیل و کتیبی بوزا و کتێبە دینی و مەزهەبیەکانی تر تا دەگاتە سوتاندنی ئاڵاو رەمزەکان و...تاد. میژوویەکی دوورو درێژی هەیەو کەس بە هۆیەوە توشی سزادان یان لێپرسینەوەی یاسایی نابێت، بەڵکو تەواو کارێکی یاسایی و ڕێ پێدراوە بە سوکایەتی یان بێڕێزی، تەماشا ناکرێت و بۆتە بەشێک لە کەلتوری دیموکراسی بۆرژوایی و بەرهەمی رەوت و رەهەندیکی میژووی و خەباتکارانەی بزوتنەوە ئازادیخواز و ئینسانییەکانە. بەڵام لەو ماوانەی دوایدا ئەم پرسی ئازادی رادەربڕینەو ڕێگەدان بە سوتاندنی کتێبە دینی و مەزهەبیەکان بەتایبەتیش قورعان، وەکو کردەیەکی نارەزایەتی یان رەتکردنەوە و گوزارشت کردنی ئازادانەی ئینسان، کاردانەوەی جۆراو جۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. کاردانەوەکە بەپلەی یەکەم کاردانەوەی ئیسلامیەکان و ئیسلامی سیاسی و بانگخوازە سەلەفیەکان و ئەو رەوتانەیە کە نەک هەر باوەڕیان بە ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان و ئازادی بەیان و بیروڕا نییە، بەڵکو دژایەتی ئەوانەو سزادانی بکەرانیان، بۆتە ناسنامە و سیمایەکی ناسراویان. بۆیە هەوڵدەدەن هێندەی بکرێت ئەم دۆسیە و پرسە لە ئازادی و ئازادی بیروراوە بکەنە پرسێکی سیاسی و لە ململانێی سیاسی و بەرژەوەندخوازی خۆیاندا بەدەستیەوە بگرن و بە پاساوی بێڕێزی بە هەستی موسوڵمانان، بەهرەبەرداری بکەن... دیارە هیچ لەوە چاوەروانکراوتر نییە، ئەم رەوتە سەلەفی و ئیسلامی و دەوڵەتەکانی پشتیان، دژایەتی هەر ئازادیخوازییەک و هەر "نا" و " دژایەتی" و " رەتکردنەوەیەک" بەدژی قورعان و رەمزەکانی ئیسلامدا بکەن. وە هەوڵ دەدەن موسڵمان و ئیسلامی بەیەک بگرن و بڵێن

بۆ لاپەڕە 15